# پێگەی سەرۆک بارزانی لە سیاسەتـــ
# لەپێـگەی پاریس دەچێت لە فەرەنسـادا و



ــــی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

# هەموو ڕێگەکان دەچنەوە بۆ لای بارزانی



# شکۆی سەرۆک بارزانی کوردستانی کردووە بە ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی



**«مسعود بارزانی یەکێکە لەو ژمارە گرنگانەی کە زەحمەتە بتوانرێت بۆ کەسێک پێناسەی بکەیت،کە هیچ شتێک لەبارەی سیاسەتی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نەزانێت،من ئەم بەیانیە بیرم لەوە دەکردەوە پێگەی مسعود بارزانی لە سیاسەتی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بزانم، لەزۆر رووەوە بۆم دەرکەوت لە پێگەی پاریس دەچێت لە فەرەنسادا هەموو رێگەکان دەچنەوە بۆ لای ئەو، سەرۆک مسعود بارزانی پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر بووە، سەرکردەیەکی سیاسیی کوردبووە،لەساڵی ٢٠٠٥ ەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و لە ٢٠٠٩ جارێکی دیکە هەڵبژێراوەتەوە و ئێستا یەکێکە لە سەرکردە سیاسیە هەرە گرنگەکانی ئەمڕۆی عێراق»**

**پرۆفیسۆر کینس پۆلاک**
**٢٠١٠/١/٢٧**

ناونیشانی یەکەمی ئەم راپۆرتە تایتڵی گوڵان نیە هەتا بۆ رازاندنەوەی راپۆرتەکە دامانڕشتبێت، بەڵکو ئەمە قسەی پرۆفیسۆر کینس پۆلاکی بەڕێوەبەری سەنتەری سابانە لە ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز و بەم وەسفە جوانە سەرۆکی کوردستان یان وەك جالیەی کوردی هەر چوارپارچەکەی کوردستان لە ئەمریکا دەیانگوت ((سەرۆکی مە))ی بە ئامادەبوان پێشکەش کرد،پێی راگەیاندن ((مسعود بارزانی یەکێکە لەو ژمارە گرنگانەی کە زەحمەتە بتوانرێت بۆ کەسێك پێناسەی بکەیت،کە هیچ شتێك لەبارەی سیاسەتی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە نەزانێت،من ئەم بەیانیە بیرم لەوە دەکردەوە پێگەی مسعود بارزانی لە سیاسەتی عێراق و سیاسیەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست بزانم، لەزۆر رووەوە بۆم دەرکەوت لە پێگەی پاریس دەچێت لە فەرەنسادا هەموو رێگەکان دەچنەوە بۆ لای ئەو))

Masoud Barzani is one of those figures whose importance is hard to describe to people who don't know anything about Iraq or about the Kurdistan region. I was thinking about it this morning. It occurred to me that in some ways the place that Masoud Barzani occupies in Iraqi politics and Middle Eastern politics is a little bit like the place that Paris occupies in France -- all roads lead to him.

بۆ ئەوەی لەم چەند وشەیەی پرۆفیسۆر پۆلاك تێبگەین، دەبێت ئێمەش بزانین پێگەی پرۆفیسۆر پۆلاك لە ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز چییە؟ هەروەها پێویستە بزانین سەنتەری سابان بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە ئێستا لقێکی لە دۆحەیە مانای چیە؟ بێگومان بۆ ئێمەش زۆر زەحمەتە بتوانین وەسفی پرۆفیسۆر کینس پۆلاك بۆ کەسێك بکەین ئەگەر زانیاری لەسەر ناوەندەکانی سینتاکس و پێگەی ئامۆژگای برۆکینگز لەناو ئەو سینتاکسانە و هەروەها بایەخی سەنتەری سابان لەناو برۆکینگز نەزانێت، بۆیە زۆر بەسادەیی بە خوێنەرانی خۆمان دەڵێین، کینس پۆلاك یەکێك بوو لەوسێ کەسەی کە نەیهێشت سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا رووبەڕووی ڤێتنامێکی دیکە بێتەوە، سێ کەش بریتی بوون لە((کینس پۆلاك، مایکل ئۆهانلۆ، ستیڤن بیدڵ)) کە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٨ بەدەیان جار سەردانی عێراقیان کردووە بۆ ئەوەی لەناو واقیعی عێراقدا چارەسەر بۆ شکستەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا بدۆزنەوە، هەر ئەم سێ کەش بوون، لەدوای ئیمزاکردنی رێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئەمریکا، ئیدارەی ئەمریکایان لە مەترسی کشانەوەی کتوپڕ ئاگادار کردەوە، لەلایەکی دیکە لە ناو ئامۆژگای برۆکینگیزیش زەحمەتە بتوانیت شتێك لەسەر عێراق و کوردستان بزانیت ئەگەر ناوی کینس پۆلاك نەزانیت، هەروەها ناتوانیت کینس پۆلاك و سەنتەری سابانیش بناسیت، ئەگەر پێگەی مارتن ئەندیك لە دارشتنی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست نەزانیت، ئەوە بەسە بڵێین مارتن ئەندیك دارێژەری سیاسەتی ئیحتوای مزدەوەجە کە لە دوو پۆستدا ئیدارەی کلینتۆن دژی عێراق و ئێران پیادەی کرد، ئێستا کاتی ئەوەیە پرۆفیسۆر پۆلاك بە خوێنەرانی خۆمان سادەتر بناسێنین و دەڵێین ئێستا پرۆفیسۆر پۆلاك لە جێی مارتن ئەندیك بەرێوەبەری سەنتەری سابانە لە ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز.

لەلایەکی دیکە ئەم وەسفەی پۆلاك هەر ئەوەندە نیە بۆیە لەناو کۆڕەکەی بارزانیدا لە سەنتەری سابان داوای لە سەرۆك بارزانی کرد کە رێنمایی حکومەتی ئەمریکا بکات بۆ چۆنیەتی دارشتنی سیاسەتێك بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا لەگەڵ

ئێران مامەڵەی پێبــکات، ئەوەی دەیەوێت بەئینگلیزی لەزاری پرۆفیسۆر پۆلاك و بە وەرگێڕدراوی کوردی گوێ لەداوای پۆلاك لە بارزانــی بگرێت بۆ پێدانی رێنمایی بۆ دارشــتنی سیاســەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران دەتوانێت کلیك لەســەر ئەم لینکە بــکات: (http://www.brookings.edu/events/2010/0127_kurdistan.aspx)، ئاشکراکردنی شکۆی سەرۆك بارزانی لەســەر ئاستی سیاسەتی عێراق و تــەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراست،ســادەیی سەرۆکی ئێمەی بە قســە لۆژیکییەکانی جارێکی دیکە پیشانی جیهاندایەوە.

حەزدەکەین هەمـــوو خوێنەرانی گوڵان بە دەنگ، گوێ لە کۆڕەکەی ســەرۆکی خۆیــان بگــرن، لەبەر ئــەوەی داواکردنی رێنمایــی لۆژیکانە لە ســەرۆك بارزانی تەنها لای پرۆفیســۆر پۆلاك نەبوو، بەڵکو مارتن ئەندیك داڕێژەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، کۆلۆنێل جەی ئار مارتین، کانی غولام لە کوردستانی باکور، چەندین کەسی دیکە کەلەم کۆڕەدا قسەیان کرد هەموویان دوای رێنمایــی لۆژیکانەیان لەســەرۆك بارزانی کرد، بەراســتی ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان دوای ئەوەی بەدەنگ و بەنووســین تەواوی ئەم کۆڕە گرنگەمان گوێ لێگرت و خوێندمانەوە، هەســتمانکرد، ئامۆژگای برۆکینگز و سەنتەری سابان چۆن کارەکانیان ســەرچاوەی کردنەوەی کێشــە و تەنگژە جیهانیەکانن، پیشــاندانی ئەم گەوهەرەی سەرکردایەتی ســەرۆك بارزانی، بۆ جیهان وانەیەکــە دەبێت هەموومان ئــەو پەندەی لــێ فێربین، ئەوان پێیان گوتین ســەرۆك بارزانــی باوك و چەتری ئــەم قۆناخەیە و خوا بە گەلی کوردستانی بەخشیوە، ئەم وتە گرنگە وامان لێدەکات سوپاســی گەرمی برۆکینگز و ســەنتەری ســابان و هەروەها کینس پــۆلاك و ئەندیك بکەینکە ئەم وانە بەرزەیان فێرکردین و پێیان گوتین سەرۆکی ئێــوە لەریزی دیگۆل و جۆرج واشــنتۆن و وۆرد ولســن پۆلێن دەکرێت، کە نەك تەنها گەلەکەی خــۆی بەڵکو هەمــوو جیهان پێویستی پێیەتی.

## ئەوەی دەیەوێت لە کێشەی کورد تێبگات دەبێت گوێ لە بارزانی بگرێت

لایەنێکی دیکــەی تایبەتمەندی و جوانی شێوازی ســەرۆکایەتی (ســەرۆکی مە) ئەوەیە کە لە هەرشــوێنێك باســی کێشەی کورد بکات بەیەك شــێواز لەسەر ئەو پرسە گرنگە قســەدەکات، کە مەســەلەی کورد و کوردســتان بووە تەوەری باســی سەرۆك بارزانی، ئەوە لە ئاشــتی چۆن قسەدەکات لە کاتی شــەڕ و ناخۆشیش هەر بەوشێوەیە قســەدەکات، لە بــارەگای تایبەتی خۆی لەسەری بڵند چۆن وەڵامی رۆژنامەنووسان دەداتەوە، لە هەولێری پایتەختی کوردستان و بەغدا و ئەنکەرا و برۆکسل و واشنتۆنیش هەر بەهەمان شــێوە، ئــەوەی لە میانەی ئــەم ســەردانەی ســەرۆك بارزانــی لە میانەی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ ســەرۆکی ئەمریکا،جێگــری ســەرۆکی ئەمریــکا، وەزیــری دەرەوەو وەزیــری بەرگــری، لە کۆڕەکانی لە گەڵ ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و جالیەی کوردی لە ئەمریکا، هەستدەکەین کۆمەڵێك نەگۆر لە پرانســیپی سیاسەتی کارکردنی (ســەرۆکی مە)هەیە، ئێمە وەك کورد و کوردستانی لەبەر ئەوەی بە شێوازی ســەرۆکایەتیکردنەکەی راهاتوویــن لامان ئاساییە، بەڵام جیهان بەسەرسامیەوە سەیری دەکات و دەخــوازن ئەو شــێوازە بۆ وڵاتی خۆیان ســوودی لێوەربگرن، لێرەدا هەندێك لەو خاڵە گرنگانە ئاماژە پێدەکەین:

١- ســەرۆکی مە راشــکاوانە بە سەرۆك ئۆبامای گوتووە، ئایا ئێوە مەبەســتتان لە کشانەوەی هێزەکانتان لە عێراقدا چیە؟ ئایا مەبەستان ئەوەیە هێزەکانیان بکشێنەوە و واز لە عێراق بهێنن، یان هێزەکانتان بکێشــنەوەو هاوپەیمانی عێراقیەکان بن؟سەرۆك گوتی ســەرۆك ئۆباما پێــی راگەیاندم کە ئەوان عێراق پشــتگوێ ناخەن و بــە هاوپەیمان دەمێننەوە و هاوپەیمانیەکی درێژخایەنیش.

٢- ســەرۆکی مــە بەســەرۆك ئۆبامای راگەیاندووە، ئێمە ناتوانیــن لە عێراقێکدا بژین کــە دیکتاتــۆر حکومرانی بکات، ئامانجــی ئێمە ئەوەیە عێــراق دەوڵەتێکی دیموکراتی بێت.

٣- سەرۆك لە کۆبوونەوەی لەگەڵ جالیەی کوردی لە ئەمریکا رایگەیاند، ئەولەویەتی کارەکانمان رێکخســتنەوەی ماڵی کورد و کوردستانیەکانە.

٤- سەرۆکی مە راشکاوانە بە ئەمریکیەکانی راگەیانــد مەرجی بەشــداربوونی ئێمە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و لە پەسەندکردنی دەســتووری عێراق جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی ئەو دەستوورەیە، ئەگەر ئەو مادەیە لە دەستووری عێراقدا نەبوایە ئێمە بەشداری پرۆسەی سیاسیی عێراقمان نەدەکرد، هەتا ئێســتاش بەدیلێکی باشــترمان لە مادەی ١٤٠ نەدۆزیوەتەوە، بۆیە هەر پێشنیارێکی دیکە بۆ چارەســەرکردنی کێشەی ناوچە دابــراوەکان و کەرکــوك بخرێتــە روو ئێمە بــەدژی دەســتووری عێراقــی دەزانین، ئێمە وەك کوردو وەك کوردســتانی بەدوای چارەســەر دەگەڕێین ئەوانــەی دەیانەوێت بگەنە چارەســەر ئێمــە ئامادەین نەرمی بنوێنیــن، گرنگترین خاڵ لەم کێشــەیە دیاریکردنــی ناســنامەی کەرکوکە،ئێمە ناسنامەی کەرکوك بە کوردستانی دەزانین، بەڵام ئەمەشــمان بە جێهێشتووە بۆ خەڵکی کەرکوك هەتا خۆیان ناســنامەی شارەکەی خۆیان دیاریبکەن،بۆیە ئەگەر ناســنامەی کوردستانی کەرکوك دیاریکرا، ئێمە ئامادەین بۆ ئیدارەی هاوبەشی کەرکوك نەرمی زیاتر بنوێنین، بەڵام لەدەرەوەی ئەم چارەسەرییەو لــەدەرەوەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق هەموو پێشنیارێکی دیکە بەپێشێلکردنی دەستووری عێراق دەزانین.

٥- ســەرۆکی مە لە کۆبونەوەکانی لەگەڵ ســەرۆك و کــەوره بەرپرســانی ئیدارەی ئەمریکادا راشــکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە، کە ئێمە هیچ گرفتێکمان لەگەڵ ئەوەدا نیە داهاتی عێراقیەکان بۆ عێراقیەکان بێت، بەڵام گرفتی ئێمە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتە، ئێمە دەمانەوێــت لەژێر چاودێریدا ســندوقێك بۆ بەشــە داهاتی کوردســتان هەبێت، ئەم داهاتە نەکرێتە کارتی گوشاری سیاســیی لەبەغدا و بەردەوام هەڕەشــەی راگرتن یان کەمکردنەوەی لەسەر بێت.

٦- سەرۆکی مە راشکاوانە رایگەیاندووە، کە دوای هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق لەساڵی ٢٠٠٣، ســوپای نوێ بەشیوازێکی راست وەك ئەوەی عێراقیــەکان چاوەڕێیان دەکرد بۆ عێراقی نوێ دروســت نەکرایەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی نیزامیە و لە دەستووری عێراقدا دانی پێدانراوە دەبێت بودجەکەی لەســەر سیســتەمی بەرگری عێراقی فیدرالی بێت، هەروەها لە پێکهاتەی سوپای عێراقدا کورد فەرامۆشکراوە ڕێژەی کورد لەو سوپایەدا تەنها ٪٨،عەرەبی شیعە ٪٤٨ و عەرەبی ســونە٪٤٢، سەرۆکی مە بە جیهانی راگەیاند نابێت ئەم ناعەدالەتیە قبوڵ بکرێت.

٧- ئــەو خاڵــەی لای ئەمریکیەکان زۆر گرنگ بــوو بــەردەوام جەختی لەســەر

سەرۆك لە کۆبوونەوەی لەگەڵ جالیەی کورد لە ئەمریکا رایگەیاند، ئەولەویەتی کارەکانمان رێکخستنەوەی ماڵی کورد و کوردستانیەکانە

سەرۆکی مە راشکاوانە بە ئەمریکیەکانی راگەیاند مەرجی بەشداربوونی ئێمە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و لە پەسەندکردنی دەستووری عێراق جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی ئەو دەستوورەیە



پێش ئەوەی بێم بۆ ئەمریکا بەتەلەفۆن لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق لەو بارەوە قسەمکردووە. مەسەلەکەش ئەوەیە کە ئەم مەسەلەیە تیکەڵکراوە ئەم بریارە هەندێک کەسی گرتۆتەوە مستەهەقی ئەوەن کە نەهێڵرین بەشداری لە پرۆسە سیاسیەکە بکەن، هەندێکیشی گرتۆتەوە کەموستەهەق نین

جالیەی کورد متمانەیەکی بێ وێنەیان بەسەرۆکی خۆیان هەیە و دەیانگوت: سەرۆکی ئێمە لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان سازش ناکات

دەکرایەوە، مەسەلەی دوورخستنەوەی ئەو کاندیدانە بوو، کە ئەمریکیەکان تەنها بە کاندیدی سونەیان دەزانی، سەرۆك زۆر راشکاوانە پێی راگەیاندن، بەپێی ماددەی ٧ی دەستووری عێراق، هەرکەس کار بۆ زیندووکردنەوەی پرانسیپەکانی بەعس یان پروپاگەندە بۆ بەعس و پشتگیری تیرۆر وتوندوتیژی بکات، یان بەتاوانی کوشتنی عێراقیەکان تاوانبار بێت، نابێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەگەر ئەوانەی کۆنە بەعسین و دەستیان بە خوێنی هاوڵاتیانی عێراق سوور نەبووە و پابەندبوونی خۆیان بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقەوە پیشانبدەن، ئەوا هیچ رێگریەك نیە بۆ ئەوەی بەشداری پرۆسە سیاسیەکە بکەن، هەروەها ئەم مەسەلەیە تەنها بۆ عەرەبی سونە نیە بەڵکو لە ناوشیعەو کوردیشدا چەندین کاندید دوورخراونەتەوە، سەرۆك بارزانی بە ئەمریکیەکانی راگەیاند ئەم کێشەیە لە کوردستان بوونی ئێمە لە کوردستان ئێستا ئەو کێشەیەمان نیە، هەروەها کێشەی مەزهەبیش لەکوردستان بوونی نیە،بۆیە منیش وەك ئێوە لە میدیاکان بیستوومە، بەڵام پێش ئەوەی بێم بۆ ئەمریکا بەتەلەفۆن لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق لەو بارەوە قسەمکردووە.مەسەلەکەش ئەوەیە کە ئەم مەسەلەیە تیکەڵکراوە ئەم بریارە هەندێك کەسی گرتۆتەوە مستەهەقی ئەوەن کە نەهێڵرین بەشداری لە پرۆسە سیاسیەکە بکەن، هەندێکیشی گرتۆتەوە کەموستەهەق نین.

٨- وەك پرۆفیسۆر پۆلاك لە پێشەکی کۆڕەکەدا پێگەی بارزانی لەعێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراست دیاریکرد و بەوەی هەموو رێگاکان دەچنەوە بۆ لای ئەو، بۆیە پرسیاری ئامادەبوانیش تەنها لە چوارچێوەی عێراق و کوردستان نەماوەیەوە، پێش هەموان پرۆفیسۆر پۆلاك داوای لەسەرۆك بارزانی کرد، رێنمایی ئەو چیە بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی سیاسەتێکی هاوسەنگ لەگەڵ ئێران پیادە بکات؟ سەرۆك لەوەڵامی ئەم پرسیارە گوتی من پێگەی خۆم لەو ئاستە نابینم رێنمایی بدەمە ئیدارەی ئەمریکا، بەڵام ئێران دەوڵەتێکی گرنگە لە ناوچەکەو داوای رۆڵێکی گەورە دەکات، بۆیە پێویستە ئەم پرسیارە راستەو خۆ لە ئەمریکاو دەوڵەتانی رۆژئاوا بکرێت ئایا ئەم رۆڵە گەورەیە دەدەن بە ئێران یان نە، بەڵام وەك رای شەخسی خۆم من ئومێد دەخوازم ئەم مەسەلەیە بە ئاشتی و دیالۆگ چارەسەربکرێت، ئێمە هیچ کاتێك نابینە لایەنێك لەشەڕ.

٩- لە وەڵامی گۆڤاری نیوزویکی تورکیشدا کە پرسیاری لەسەرۆك بارزانی کرد سەبارەت بەوەی ئایا هەرێمی کوردستان هاوکاری تورکیا دەکات ئەگەر پەکەکە دەستی کردەوە بەشەڕی چەکداری، سەرۆك چۆن لەو کاتەی کە لەساڵی ٢٠٠٧ سوپای تورکیا هەرەشەی داگیرکردنی کوردستانی دەکرد وەڵامی پرسیارێکی هاوشێوەی ئەم پرسیارەی نیوزویکی لە بارەگای تایبەتی

خۆی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین دایەوە، بەهەمان شێوە لە ئەمریکاش هەمان وەڵامی دایەوەو گوتی: پێش هەموو شت ئێستا ئومێدی هەموومان ئەوەیە پرۆسەیەکی ئاشتی هاتۆتە پێشەوە ئەو پرۆسەیە سەرکەتوو بێت،ئێمە ئامادەین هەموو هاوکاری و ئاسانکاریەك پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە بە شێوازی سیاسی و ئاشتیانە چارەسەربێت، بەڵام ئەگەر خوانەخواستە گەڕانەوە بۆ چارەسەری سەربازی ئەوا ئێمە نابینە بەشێك لە هیچ چارەسەرێکی سەربازی لەبەر ئەوەی کێشەکە سیاسیەو بە سەربازی چارەسەر ناکرێت.

١٠- هەندێك لە رۆژنامەنووسانی ئەمریکی کە لەنزیکەوە چاودێری باردۆخی کوردستان دەکەن ئەو پرسیارەیان لە سەرۆکی کوردستان کرد ئایا بەشداربوونتان لە هەڵبژاردنی ئایندەی عێراق بە لیستی جیاواز پێگەی کورد لە بەغدا لاواز ناکات؟ سەرۆکی مە وەك باوکی هەموو کوردستان بەمجۆرە وەڵامی ئەو رۆژنامەنووسەی دایەوە و پێی گوت: گرنگە مەسەلەی یەك لیستی و یەك هەڵوێستی تیکەڵ نەکەین، لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی عێراقدا هەموو لە ناو هاوپەیمانی کوردستان نەبووین، لیستی جیاواز هەبووە، یەکگرتووی ئیسلامی بەجیاواز دابەزی بەڵام لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان یەك هەڵوێست بوون و وەك یەك لیست هەڵوێستیان هەبووە، ئەم جارەش ئاساییە لیستی جیاواز هەبێت بەڵام لە بەغدا هەموومان یەك هەڵوێستین.

١٠ – سەبارەت بە مافی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و داواکردنی رێنمایی لەسەرۆك بۆ کوردی پارچەکانی دیکە، سەرۆك دووبارە لەناو ئامۆژگای بڕۆکینگز لەبەردەم هەموو جیهان هەڵوێستی نەگۆڕی خۆی دووپاتکردەوەو رایگەیاند، چۆن لە هەرێمی کوردستان داکۆکی لەمافی کوردستانیەکان دەکەین بەهەمان شێوە داکۆکی لە مافی ئێوە لەهەموو بەشەکانی دیکە دەکەین و دژی هەر پێشێلکارییەکین کە دەرهەق بەمافی کورد دەکرێت، بۆیە ئێمە پشتگیریتان دەکەین بۆ ئەوەی خەبات بکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانتان، بەڵام رێنمایی من ئەوەیە هەوڵبدەن بە شێوازی دیموکراتیانەو سەردەمیانە خەبات بۆ ئەو مافانە بکەن، نەك بە شەڕ و شۆڕ و توندوتیژی.

## سەردانەکەی سەرۆک بۆ ئەمریکا سنورە دەستکردەکانی لەنێو جالیەی کورد سڕییەوە

بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا کە یەکێك بووە لەو کەناڵانەی لە کۆبوونەوەی سەرۆکی کوردستان لەگەڵ جالیەی کوردستان ئامادەبووە، لە راپۆرتێکی تەنها ٥ خولەکیدا رای چەند کوردستانیەکی ئامادەبووی لەو کۆڕە سەبارەت بە هاتنی سەرۆك بۆ ئەمریکا وەرگرتووە، ئەگەر بەشداربووەکان ناوی خۆیان ئاشکرا نەکەن و ئەو پارچەیەی کوردستان ناو نەهێنن، هیچ کەسێك هەست بەوە ناکات کە ئەوانەی رای خۆیان بۆ بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا دەربڕین خەڵکی پارچە جیاوازەکانی کوردستان بن، لەبەر ئەوەی هەموویان بە یەك شێواز ناوی سەرۆك دەهێنن و دەڵێن ((سەرۆکی مە یان سەرۆکی ئێمە)) ئەم هەستەی جالیەی کورد بۆ سەرۆکی خۆیان هەتا بڵێیت هەستێکی پیرۆزە و جێگەی خۆشحاڵی و شانازیە بۆهەموو کوردستان لە ژێر چەتری سەرۆکدا خۆی دەبینێتەوە، سەرۆك کاتێك قسەی بۆ جالیەی کوردی دەکرد ئەو مەسەلانەی وەك ئەرکی خۆی بۆیان باسکرد کە ئامانجی هەموو کوردێکە، هەربۆیە کاتێك رایگەیاند کە ئەولەویاتی ئەرکی ئەو وەك سەرۆکی کوردستان ئەوەیە یەکریزی ماڵی کورد و کوردستانیەکان بپارێزێت و رێگەنەدات جارێکی دیکە خوێنی کورد بەدەستی کورد بڕژێت،ئەمە ئەو ئاواتەیە کە هەموو کورد چ لە ناوەوە و چ لەدەرەوە ئومێدی بۆ دەخوازێت، هەروەها جالیەی کورد متمانەیەکی بێ وێنەیان بەسەرۆکی خۆیان هەیە و دەیانگوت: سەرۆکی ئێمە لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان سازش ناکات، پێویستە ئەمریکا لەم راستیە تێبگات، پێشوازی گەرم و بێ وێنەی سەرۆکی ئەمریکا و ئیدارەی ئەمریکا نیشانەی ئەوەیە کە ئەمریکا لە پێگەی سەرۆکی ئێمە تێگەیشتووە و دەزانێت سەرۆکی ئێمە بۆ ئاشتی و دیموکراتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەند گرنگە.

## جیاوازیەکانمان لە ژێر چەتری سەرۆکی خۆماندا وانەیەک بۆ خۆمان و وانەیەک بۆ ئەمریکا

کاتێك دەڵێین سەردانی سەرۆك بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەردانی فەرمی سەرۆکی کوردستان بووە بۆ گەورەترین وڵاتی جیهان یان کە دەڵێین رووداوێکی مێژوویی بوو بۆ تێگەیشتنی گەلی ئەمریکا لە خواست و داواکانی تێکڕای گەلی کوردستان، هەروەها وەرچەرخانێك بوو لە ناخی هەموو تاکێکی کورد و کوردستانیدا بەوەی جیاوازییەکانمان رێگر نین لەوەی هەموومان لە ژێر چەتر یان رەشماڵی سەرۆکی خۆمان کۆببینەوەو بە جیهان بڵێین سەرۆك نمایندەی ئێمەیە نەك لە کوردستان بەڵکو لە هەموو جیهان، ئەمە نە پێداهەڵدانە بەسەرۆك نە رازاندنەوەو پیاهەڵگوتنە بە سەردانە مێژووییەکەشیدا بۆ واشنتۆن و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك و گەورە بەرپرسانی ئەمریکا، بەڵکو ئەوەی ئەم واقیعە پێمان دەڵێت، دوو وانەیە :

یەکەمیان : بۆ ئەمریکا کە وەك ئەمری واقیع فەرز بووە بەسەریدا کە ئەمڕۆ لەناو کوردستاندا چەترێك دروست بووە کە هێندە فراوانە جێگەی هەموو جیاوازییەکانی تێدا دەبێتەوە، ئەمەش گرنگە بۆ سیاسەتی دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئەمریکا کە ئەم پێکەوە گریدانەوەی جیاوازیەکان بەهەند هەڵبگرێت و پشتگیری بکات بۆ ئەوەی نموونەیەکی جوانی دیموکراتی لە ناوچەیەکی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نامۆ بە دیموکراتی بێتە ئاراوە،دەبێت ئەمریکا و بەرپرسانی ئەمریکا بە تایبەتی لەو راستیە تێبگەن چۆن گاندی هەموو گەلی هیندستانی فێری مەبدەئی وازهێنان لە توندوتیژی کرد بۆ رزگاربوون لە داگیرکاری بەریتانیا، ئێستا مسعود بارزانی بۆتە باوکی گەلی کوردستان،گەلی خۆی فێری لێبوردەیی و دیموکراسی و چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە دەکات، گەلی خۆی فێر دەکات پشت لە شەڕ بکەن و بەرەوپیری ئاشتی و پێکەوە ژیان بچن، ئەوەی لەم خاڵەدا شکۆی بارزانی گەورەتر لەجیهانی ئەمڕۆدا پیشاندەدا، ئەوەیەگەلی کوردستان لەهەموو پارچەکان و بەجیاوازی ئایین و نەتەوە و مەزهەبەوە لەباوکی خۆیان تیدەگەن، بەریتانیا لە چلەکانی سەدەی رابردوو گرەوی ئەوەی لەسەر گاندی دەکرد، کە گەلی هیندستان لە گاندی تێناگەن و گاندی ناتوانێت ئەو وانەیە فێری گەلی هیندستان بکەن، مەزندەکەی بەریتانیا لەجێگەی خۆیدا بوو، لەبەر ئەوەی گاندی زۆر کێشەی هاتە رێگا هەتا گەلی هیندستانی فێری لێبوردەی و وازهێنان لە

**بەرپرسانی ئەمریکا لەو راستیە تێبگەن چۆن گاندی هەموو گەلی هیندستانی فێری مەبدەئی وازهێنان لە توندوتیژی کرد بۆ رزگاربوون لە داگیرکاری بەریتانیا، ئێستا مسعود بارزانی بۆتە باوکی گەلی کوردستان،گەلی خۆی فێری لێبوردەیی و دیموکراسی و چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە دەکات**

**ئەوەی لەم خاڵەدا شکۆی بارزانی گەورەتر لەجیهانی ئەمڕۆدا پیشاندەدا، ئەوەیەگەلی کوردستان لەهەموو پارچەکان و بەجیاوازی ئایین و نەتەوە و مەزهەبەوە لەباوکی خۆیان تیدەگەن**



**بەریتانیا لە چلەکانی سەدەی رابردوو گرەوی ئەوەی لەسەر گاندی دەکرد، کە گەلی هیندستان لە گاندی تێناگەن و گاندی ناتوانێت ئەو وانەیە فێری گەلی هیندستان بکەن، مەزەندەکەی بەریتانیا لەجێگەی خۆیدا بوو، لەبەر ئەوەی گاندی زۆر کێشەی هاتە رێگا هەتا گەلی هیندستانی فێری لێبوردەی و وازهێنان لە توندوتیژی هێنا**

توندوتیژی هێنا، بەڵام سەرۆکی کوردستان لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی سەرکەتوو بووە و گەلی کوردستان وەڵامدانەوەی ئیجابیانەی بۆ هەنگاوەکانی سەرۆکی خۆی هەیە، بۆیە ئەگەر ئەمریکا ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەراستی بوێت دەبێت پشتگیری لە سەرۆکی کوردستان بکات، هەروەك چۆن ئێستا تورکیا لە پرانسیپەکانی سەرۆك بارزانی تێگەیشتووە، راستە تورکیا بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا راوێژ لەگەڵ برۆکسل دەکات، بەڵام بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا راوێژ بەسەرۆك بارزانی دەکات و لەو کاتەوەش تورکیا ئەم قەناعەتەی لا دروستبووە شکۆی تورکیا لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکبوونەوەی لەیەکێتی ئەوروپا گۆڕانی گەورەی بەسەر هاتووە، بۆیە وەك چۆن ریچارد هاس و مارتن ئەندیك ساڵی پار پێش دەستبەکاربوونی ئۆباما لە وتارێکدا لە فۆرین ئەفێرز هێڵەگشتیەکانی سیاسەتی ئەمریکایان بۆ ئیدارەی ئۆباما سەرلەنوێ دارشتەوە، هەروەها چۆن جۆزیف ناوی لە کتێبە بەناوبانگەکەی ((هێزی نەرم)) ئاماژەی پێکردووە کە شکۆی ئەمریکا بەهێزی نەرم و بەپشتگیری هێزی نەرم دووبارە دەگەڕێتەوە، کاتی ئەوە هاتووە کە ئەمریکا لەپێگەی سەرۆکی کوردستان بگات کە ئەو خاوەنی هێزی نەرمە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و لەم هێزەدا هیچ کەسێك بەرامبەر بە بارزانی نیە.

دووەمیان : وانەیەکە بۆ خۆمان وەك کورد و وەك کوردستانی و پێویستە لەو هەقیقەتە تێبگەین کە شکۆی ئێمە وەك کوردستانی لەکۆبوونەوەمان لە دەوری سەرۆکی خۆمان و لە کارکردن بە رەفتار و لۆژیکەکانی سەرۆکی خۆمان لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان دەردەکەوێت، ئەمرۆ سەرۆکی ئێمە بە زمانی سەردەم لەگەڵ جیهانی سەردەم ئاخاوتن دەکات و کێشەی کوردستانیەکان بە جیهان دەناسێنێت، ئەوە سەرۆکی ئێمەیە کە گەورەترین پێگەی بۆ دیموکراتی و مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵات دروستکردووە و هەنگاوی یەکەم بۆ دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست هەڵدەگرێت،ئەوە سەرۆکی ئێمەیە دەسکەوتەکان لە خۆبایی ناکات و بەسادەیی بە جیهان دەڵێت ئێمە لەسەرەتای رێداین بۆ بونیادی دیموکراتی بۆ دامەزراندنەوەی دامەزراوەکانمان بۆ بونیادنانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ پابەندبوون و رێزگرتنی سەروەری یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ قوتابین و، لەسەرەتای قۆناخی خوێندداین، ئەوە سەرۆکی ئێمە، جیهان وەك سەرکردەیەکی دیموکراتخوازی دیاری جیهانی داوای رێنمایی لێدەکات، کەچی ئەو لەبەر چاوی هەموو جیهان خۆی بە قوتابی قۆناخە سەرەتاییەکانی قوتابخانەی دیموکراتی و سیستەمی دامەزراوەیی و دەوڵەتی قانوون پیشاندەدا.

**ئەگەر ئەمریکا ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەراستی بوێت دەبێت پشتگیری لە سەرۆکی کوردستان بکات**

دپلۆماتكاری ناسراوی ئەمەریكی پرۆفیسۆر داڤید فلیپس یەكێكە لە پسۆرە دیارەكانی جیهان لەسەر پرسی كورد لە عێراقدا و خاوەنی یەكەم دیراسەتی پرۆسەی دابەشكردنی دەسەڵاتە لە عێراقدا، ئەم دیراسەتەی لە كۆنفرانسی دووەمی سەنتەری مستەفا بارزانی كە لە ساڵی ٢٠٠٢ بە ناونیشانی (كورد كلیلی سەقامگیری عێراقە) پێشكەش كردوو پاشان ئەم دیراسەتە بووە سیاسەتی ئەمەریكا لە عێر اقدا و لە دەستووری عێراقدا پەسەند كرا، هەروەها پسپۆرە لەسەر پرۆسەی بەدیموكراتیزەكردن لە جیهاندا و لەساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٣ راوێژكاری باڵابووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا بۆ پرۆسەی دیموكراتی و سەقامگیری هەرێمی، پرۆفیسۆر فلیپس لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەندامی ستافی بیرۆی رۆژهەڵاتی نزیك بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا، هەربۆیە لە نزیكەوە لەسەر باردۆخی كوردستان و پەیوەندییەكانی ئەمەریكاو كوردستان ئاشنایە، وەك لەم دیمانەیەشدا بۆ گوڵانی ئاشكرای كردووە، پرۆفیسۆر فلیپس ئەو كەسەیە كە لەیەكەم سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ ئەمەریكا وەك دپلۆماتكارێكی ئەمەریكی پێشوازی لێكردووە، بۆ قسەكردن لەسەر بایەخی ئەم سەردانەی سەرۆكی كوردستان و جیاوازی ئەم سەردانە لە چاو سەردانەكانی پێشتری، پرۆفیسۆر فلیپس بەمجۆرە ئەو جیاوازییانەی بۆ گوڵان خستەڕوو.



## داڤید فلیپس بۆ گوڵان:

# ئەو پێشوازییە گەرم و ئاست بەرزەی لە سەرۆک بارزانی کرا نیشانەی چیرۆکی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستانە



گوڵان
ژمارە (٧٦٧)
٢٠١٠/٢/١



**سەرۆک بارزانی لە ئەمەریکا پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، لەبەر ئەوەی کوردەکان هەمیشە و هەردەم باشترین دۆستی ئەمەریکا بوونە لە عێراقدا، هەروەها کوردەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە عێراقدا هەیە**

*** خوێندنەوەی ئێوە بۆ سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ کۆشکی سپی چییە، لەم هەل و مەرجەدا کە عێراق بەرەو هەڵبژاردن دەچێت؟**

- سەرۆك بارزانی لە ئەمەریکا پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، لەبەر ئەوەی کوردەکان هەمیشە و هەردەم باشترین دۆستی ئەمەریکا بوونە لە عێراقدا، هەروەها کوردەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە عێراقدا بینیوە کە پرۆسەیەکی بەردەوامە. ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی عێراق هەبێت، ئەوا باشترین ڕێگا ئەوەیە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کوردەکاندا هەبێت، بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا ببینن.

*** سەردانی سەرۆك بارزانی و پێشوازیکردنی لە لایەن سەرۆك ئۆباماوە نیشانەی بوونی پەیوەندیی باشی نێوان ئەمەریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم سەردانە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمەریکا لە داهاتوودا؟**

- ئەم سەردانە لە ڕووی ڕەمزییەوە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی دووپاتکردنەوەی پەیوەندییە بەهێزەکانە، لە هەمان کاتدا دەرئەنجامی عەمەلیشی لێدەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەمەریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری ئەمنی نێوانیان بەهێز دەکەن و ئەمەش ڕێگەخۆش دەکات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بواری ئەم هاوکارییە فراوان بکەن لە بوارەکانی ئەمنی، هەروەها سیاسی و ئابووریشدا.

*** سەردانی سەرۆکی کوردستان لەم کاتە هەستیارەی عێراقی پێداتێدەپەڕێت و ئەو پێشوازییە گەورەو بێ وێنەیەی لەسەر ئاستی سەرۆك و ئیدارەی ئەمەریکی لێکرا، نیشانەی پێگەو شکۆی (بارزانی)یە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئایا لەم لایەنەوە چۆن سەیری سەردانەکەی بارزانی دەکەیت؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئازار زۆر هەستیارن، یان ئەوەتا دەبنە هۆی قوڵکردنەوەی جەمسەرگیرییەکان و زیادبوونی ناکۆکی، یاخود دەبنە هۆی کۆکردنەوەی عێراقییەکان لە دەوری تیڕوانینێکی هاوبەش بۆ ئایندەی عێراق، ئەو تیڕوانینە هاوبەشەش لە دەستووری عێراقدا گوزارشتی لێکراوە، لەبەر ئەوە گرنگە سەرۆك ئۆباما ئەهمییەتی دەستوور لەبەرچاوبگرێت و پشتیوانی لە جێبەجێکردنی بکات. جێبەجێکردنی دەستووریش کاریگەری گرنگی لەسەر کوردەکان دەبێت بە تایبەتی لەسەر کێشەی کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکە.

**گرنگە سەرۆک ئۆباما ئەهمییەتی دەستوور لەبەرچاوبگرێت و پشتیوانی لە جێبەجێکردنی بکات**

*** تا چ ئاستێك ئەمەریکا پشتیوانی لەم سیاسەتەی بارزانی دەکات بۆ ئەوەی ببێتە مۆدێلێك بۆ تێکڕای عێراق؟**

- هۆکاری باشی دۆخی ئەمنی هەرێمی کوردستان بۆ بوونی هێزی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە کە مەرج نییە بتوانرێت ئەم ئەزموونە لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا دووبارە بکرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا نموونەی دیکە هەیە بۆ هاوکاری لە بواری ئەمنیدا، بۆ نموونە ئەو هاوکارییەی لە نێوان هێزەکانی ئەمەریکا و سوپای پێشمەرگە و سوپای عێراقدا لە ناوچەکانی پارێزگای موسڵدا هەیە، کاریگەرییەکی باشی لێکەوتۆتەوە لە ڕێگری کردن لە هەڵکشانی ناکۆکی و توندوتیژی.

*** پێش سەردانەکەی سەرۆك بارزانی، ئیدارەی ئەمەریکا پابەندبوون و پشتیوانی خۆی بە جێبەجێکردنی دەستوور و ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە تایبەتی کەرکوك ڕاگەیاندبوو، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم سەردانە نیشانەی ئەوەیە هێشتا ئەمەریکا پشتیوانی لە جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەکات؟ ئایا پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کوردستان چۆن دەبن لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئەمەریکا لە دوای کشانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا کەم دەبێتەوە، لەبەر ئەوە شتێکی باشە ئەمەریکا چالاکانە هەوڵی نابژیوانی بخاتەگەڕ بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ببنە هۆی سەرچاوەی سەرهەڵدانی توندوتیژی، وەك کێشەی دابەشکردنی داهات و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سروشتییەکان. ئەمەریکا پابەندبوونی خۆی ئاشکراکردووە بۆ کارکردن لە پێناو چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا کە نابێت چیتر دوابخرێن، لەبەر ئەوەی تا زیاتر دوابخرێن، ئەوا چارەسەرکردنیان زەحمەتتر دەبێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- یەکەم جار کە سەرۆك بارزانی سەردانی ئەمەریکای کرد، من پێشوازیم لێکرد و ئەو کاتە زۆر زەحمەتە بوو کە کار بۆ ئامادەسازی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵیدا بکرێت، بەڵام ئەمڕۆ پێشوازییەکی گەورەی لێکراو و بە ڕێزێکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ئەمە نیشانە و پێوەری ئەوەیە کە چیرۆکی هەرێمی کوردستان چەند سەرکەتوو بووە و چەند بەرەوپێشچووە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا.

برایان کەتلــەس یەکێکە لەو دپلۆماتکارە ئەمەریکییانەی کە بەباشی دەتوانێت بە عەرەبی بنووسێت و قسە بکات، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارە بەهێزانــەی کە پرۆفیســۆر کەتڵەس لە کاری دپلۆماتی و توێژینەوەدا سەرکەتوو بــووە، پرۆفیســۆر کەتلەس کــە یەکێکە لە تۆژەرە گەورەکانی سەنتەری ئەمەریکان پرۆگرێس پســپۆر و تایبەتمەندە لەســەر سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا لــە رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و باشووری ئاسیا، لە زیاتر لە ٢٠ دەوڵەت کاری راوێــژکاری بــۆ دامەزراوەکانــی ئەمەریکا کــردووە، لەوانە عێراق، میســر، پاکستان، ئەفغانســتان، یەمەن، هەروەها کەتلەس یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی ئەمەریکا و وتارەکانی لە واشنتۆن پۆست و لۆس ئەنجلس تایمز و بۆستن گلۆپ و بلتیمۆر ســەن و میدل ئێست پۆلیســی بڵاودەکاتەوە، لەســاڵی ٢٠٠٨ یش کتێبێکی لەسەر سیاســەتی ئاسایشی نیشــتمانی ئەمەریــکا بڵاوکردۆتەوە، کەتلەس لەبەر ئەوەی کاری راوێژکاری بۆ دامودەزگاکانی ئەمەریکا لە عێراقــدا کــردووە، لە نزیکــەوە لەســەر باردۆخی عێراق شارەزایە و یەکێکیشە لــەو دپلۆماتکارانەی کە لــەم ســەردانەدا چاوی بە سەرۆکی کوردستان کەوتووە، بۆقسەکردن لسەر ئەم سەردانە مێژووییەی سەرۆکی کوردستان بــۆ ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکا دپلۆماتــکار کەتلــەس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



برایان کەتلەس بۆ گوڵان:

# بارزانی سەرۆکێکی مێژوویی گرنگە بۆ خەڵکی کوردستان و سەرکردەیەکی گرنگی عێراقیشە

*** خوێندنەوەی ئێوە بۆ سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ کۆشکی سپی چیە، لەم هەل و مەرجەدا کە عێراق بەرەو هەڵبژاردن دەچێت و بەدەست ناسەقامگیری دۆخە سیاسییەکەوە دەناڵێنێت؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە شەرەفی ئەوەم پێبرا چاوم بە سەرۆک بارزانی بکەوێت، لە راستیدا ئەوە یەکەم کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنی شەخسی من بووم لەگەڵ بەرێزیدا، بارزانی سەرۆکێکی مێژوویی گرنگە بۆ خەڵکی کوردستان، هەروەها سەرکردەیەکی گرنگە لە عێراقیشدا. ناکرێت لە گرنگی ئەم سەردانە بۆ پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و عێراق کەم بکەینەوە، چونکە ئەمە ساتەوەختێکی گرنگە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و عێراق کە ئەمەریکا سەرقاڵی کشاندنەوە و کەمکردنەوەی هێزەکانێتی لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا، بەڵام لە هەمان کاتدا خوازیارە پەیوەندییەکی دوو قۆڵی باشی لەگەڵ عێراق بمێنێت، سەردانەکەی ئەمجارەی سەرۆک بارزانی و سەردانی پێشتری عادل عەبدولمەهدی و سەردانی چاوەڕوانکراوی تاریق هاشمی، هەموویان دەبنە بناغەیەک بۆ بنیاتنانی هاوکارییەکی درێژخایەن و بەهێز لە نێوان عێراق و ئەمەریکادا. کە من هیوادارم ئەم سەردانەی بارزانی هۆکارێکی دیکە بێت بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانە.

*** سەردانی سەرۆک بارزانی و پێشوازیکردنی لەلایەن سەرۆک ئۆباماوە نیشانەی بوونی پەیوەندیی باشی نێوان ئەمەریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەک ئەم سەردانە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمەریکا لە داهاتوودا؟**

- من بەشێک نەبووم لە دانیشتن وگفتوگۆکانی سەرۆک بارزانی لەگەڵ سەرۆک ئۆبامادا، بەڵام ئەوەی من گوێبیستی بوومە، ئەوەیە گفتوگۆیەکی درێژخایەن لە بارەی کێشە و پرسگەلێکی بەرفراوانەوە کراوە، هەروەها باس لە هاوکاری کردن کراوە لە بوارەکانی ئەمنی، پەروەردەیی و ئابووریدا، لەگەڵ تاوتوێکردنی کێشە و پرسەکانی پەیوەست بە ناوخۆی عێراقەوە، وەک کێشەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و پێشنیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، کە ئەم موناقەشە راشکاوانەش گرنگی هەرێمی کوردستان دووپات دەکاتەوە بۆ ئیدارەی ئۆباما، لە کاتێکدا ئەم ئیدارەیە رووبەڕووی چەندین تەحەددی ناوخۆ بۆتەوە، وەک کێشەی ئابووری، لەگەڵ چەندین کێشەی نێودەوڵەتی وەک کێشەی ئەفغانستان و پاکستان، هەروەها من پێم وایە ئەم سەردانە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی کوردەکان وەک بەشێکی بنەڕەتی بمێننەوە لە ئەجێندای ئیدارەی ئەمەریکا.

*** کوردەکان بڕیاری مانەوەیان داوە لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەویش بە پێی سیستەمی فیدراڵی، بەڵام کێشە ئەوەیە عەرەبەکانی عێراق فیدراڵیزم رەتدەکەنەوە، ئایا ئەمەریکا تا چ رادەیەک بایەخ بە پاراستنی یەکێتی عێراق دەدات لەم حاڵەتەدا؟**

- ئیدارەی ئەمەریکا راشکاوانە ئەوەی راگەیاندووە کە پشتگیری لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکات، ئەو دەستوورەی لە ساڵی ٢٠٠٥دا عێراقییەکان دەنگیان بۆ دا، لەم دەستوورەشدا باس لە جێگیرکردن و پیادەکردنی بونیادی فیدراڵیزم کراوە، بەڵام ئیدارەی ئەمەریکا وەک دۆست و پشتیوانێکی عێراقییەکان تێکرای لایەنەکان هان دەدات بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە بارەی هەندێ لەو پرسانەی لە دەستووردا روون نەکراونەتەوە بکەن، وەک وردەکارییەکانی ئەو فیدراڵییەتەی کە دەبێت لە عێراقدا پیادە بکرێت، لە هەمان کاتدا ئیدارەی ئەمەریکا دەبێت ئەوە دووپات بکاتەوە کە دەبێت عێراقییەکان خۆیان بڕیار لەسەر چۆنیەتی یەکلاکردنەوەی ئەم پرسانە بدەن. جێگری سەرۆکی ئەمەریکا و باڵیۆزی ئەمەریکاش لە عێراق کاریان بۆ ئەوە کردووە کە هەوڵەکانی ئەمەریکا بەو شێوەیە لێکنەدرێتەوە کە هەوڵی سەپاندنی چارەسەرێکی دیارکراو دەدات بەسەر عێراقییەکاندا، بەڵکو وەک دۆست و پشتیوانێکی عێراقییەکان کار بۆ یارمەتیدانی لایەنەکان دەکات بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوانیان چارەسەربکەن.

*** بە پێی رووماڵکردنی راگەیاندنەکان بۆ ئەم سەردانە، باس لەوە دەکرێت کە سەرۆک ئۆباما سەرۆک بارزانی هانداوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی عێراقدا کار بۆ سەرخستنی پرۆسە سیاسییەکە بکەن لە عێراقدا، ئایا لە روانگەیەی ئۆباماوە سەرۆک بارزانی دەتوانێت چ رۆڵێک لەم رووەوە ئەدا بکات؟**

- بارزانی سەرکردەیەکی گرنگە، هەر لەم روانگەیەشەوە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کاریگەری لەسەر پرۆسە سیاسییەکە هەبێت، حاڵی حازر کێشەی گەورە لە پرۆسە سیاسییەکەدا مەسەلەی دوورخستنەوە و بێبەشکردنی هەندێ لە پاڵێوراوەکانە لە پرۆسەی هەڵبژاردن کە ئەگەرچی باس لەوە دەکرێ کە زۆرێک لەو پاڵێوراوانە عەرەبی سوننە بن، بەڵام لە راستیدا بەو شێوەیە نییە، رەنگە تاریق هاشمی زیاتر کاریگەری لەسەر ئەم پرسە هەبێت کە بڕیارە سەردانی واشنتۆن بکات، بەڵام هەروەک ئاماژەم پێکرد بارزانی سەرکردەیەکی گرنگە لە عێراقدا، هەروەها سەرکردەیەکی گرنگە لە بواری بەرەوپێشبردن و باشترکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیاشدا.

*** هەندێ لە چاودێران بە هەرێمی کوردستان دەڵێن عێراقەکەی دیکە، یان عێراقی ئارام، ئەمەش بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی سەرۆک بارزانی دەگەڕێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەک ئەمە سوودی بۆ ئەمەریکا دەبێت و تا چ ئاستێک ئەمەریکا پشتیوانی لەم سیاسەتەی بارزانی دەکات بۆ ئەوەی ببێتە مۆدێلێک بۆ تێکرای عێراق؟**

- بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیدارەی ئەمەریکا

ئەم موناقەشە راشکاوانەش گرنگی هەرێمی کوردستان دووپات دەکاتەوە بۆ ئیدارەی ئۆباما

بارزانی سەرکردەیەکی گرنگە، هەر لەم روانگەیەشەوە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کاریگەری لەسەر پرۆسە سیاسییەکە هەبێت، هەروەها سەرکردەیەکی گرنگە لە بواری بەرەوپێشبردن و باشترکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیاشدا



**بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیدارەی ئەمەریکا لە بوارەکانی ئابووری، پەروەردەییدا، کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان وەک مۆدێلێک لێی بڕوانرێت بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق**

لە بوارەکانی ئابووری، پەروەردەییدا، کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان وەک مۆدێلێک لێی بڕوانرێت بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق، کە دەبێت ئەمەریکا تەرکیزێکی زۆر لەسەر ئەم پرسە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت مەسەلەی بڕیاردان بۆ پیادەکردن و جێبەجێکردنی مۆدێلی هەرێمی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی عێراق بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری وڵاتەکە جێبهێڵرێت و ئەمەریکا ناتوانێت ناچاریان بکات کە مۆدێلێکی دیارکراو بگرنەبەر.

*** هەندێ لە شیکەرەوەکان پێیان وایە گرنگی ئەم هەڵبژاردنانە ئەوەیە دەبێتە هۆی دیارکردنی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، لێرەدا ئێمە دەپرسین ئایا سەرۆک بارزانی دەتوانێت چ رۆڵێکی ئیجابی لە نزیککردنەوەی لایەنە عێراقییە جیاوازەکان ببینێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان بەسەرکەوتوویی بەڕێوەبچن؟**

- من دووبارەی دەکەمەوە کە بارزانی سەرکردەیەکی گرنگە لە عێراقدا و دەتوانێت رۆڵی هەبێت لەوەی لایەنەکان گفتوگۆیەکی دیموکراتی و کراوە لەگەڵ یەکدا ئەنجام بدەن، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان کە دەبێت رووبەڕووی ببێتەوە، ئەو کێشەیەیە کە لە پارێزگای موسڵدا هەیە لەگەڵ لیستی حەدبا بە سەرۆکایەتی ئەسیل نوجەیفی کە بۆتە هۆی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی لەو ناوچەیەدا، هەروەها دەتوانێت رۆڵی ئیجابییش ببینێت لە چارەسەرکردنی کێشەی ئاڵۆز و دژواری کەرکوکدا. کە من هیوادارم ئەو هەڵبژاردنانەی بڕیارە لە عێراقدا ئەنجام بدرێت، دەرفەتی ئەوە بڕەخسێنێت کە هەموو لایەک گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی خۆیان لە ڕێی دەنگدانانەوە بکەن، بەڵام تەحەددیەکە لە دوای هەڵبژاردنەکانەوەیە، ئایا ئەو حکومەتەی دروست دەبێت، دەتوانێت خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ خەڵک دابین بکات و کێشە سیاسییە گەورەکانی وەک دابەشکردنی دەسەڵات چارەسەربکات لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکاندا.

*** پێش سەردانەکەی سەرۆک بارزانی ئیدارەی ئەمەریکا پابەندبوون و پشتیوانی خۆی بە جێبەجێکردنی دەستوور و مادەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە تایبەتی کەرکوک راگەیاندبوو، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەک ئەم سەردانە نیشانەی ئەوەیە هێشتا ئەمەریکا پشتیوانی لە جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی**



**کوردستان و حکومەتی عێراق دەکات؟ ئایا پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کوردستان چۆن دەبن لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- من پێم وایە پەیامی ئیدارەی ئۆباما کە بە راشکاوی رایگەیاندووە ئەوەبووە کە وەك دۆست و پشتیوانێکی عێراقییەکان پشتگیری لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکات و ئەگەر هەر هەوڵکیش بدرێت بۆ هەموارکردنی، ئەوا دەبێت بە شێوەیەکی دیموکراتییانە و ئاشتییانە ئەنجام بدرێت.

*** چۆن ئایندەی هەرێمی کوردستان دەبینیت؟ هەروەها تا چ رادەیەك پێت وایە سیاسەتی بارزانی سەرنجی جیهانی کێشکردووە و سەرکەوتووبووە لەم ناوچەیەدا؟**

- من تیڕوانینێکی ئیجابیم بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان هەیە، هەروەها پێم وایە وابەستەبوونێکی بەهێز لە نێوان خەڵکی کوردستان و خەڵکی ئەمەریکادا هەیە و من ئیعجابێکی قووڵم هەیە کە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانێکی زۆری کردووە لە بواری بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەکەیدا، هەر لە گەشەکردنی ئابووریەوە بۆ بنیاتنانی پەیوەندی لەگەڵ تێکڕای وڵاتانی ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە بواری پەروەردە و ژێرخانی ئابووریدا. ئەمەش دەبێت نموونەیەك نەك هەر تەنها بۆ عێراق، بەڵکو بۆ تێکڕای ناوچەکەش. بە چەشنی سەرکردەکانی دیکە بارزانیش رووبەڕووی ئەرکێکی قورس دەبێتەوە لە ئەمەریکا کە بریتییە لە هێشتنەوەی پرسی عێراق وەك یەکێك لە ئەولەویاتەکانی ئەجێندای ئیدارەی ئۆباما، ئەمە لە کاتێکدا ئەمەریکا هەروەك سەرۆك ئۆباماش جەختی لێکردەوە بە دەست کێشەی ئابووری سەختەوە دەناڵێنێت، وەك بێکاری و نەبوونی چاودێری تەندروستی، بەڵام سەردانەکەی بارزانی لە کاتێکی زۆر گونجاودا بوو بۆ ئەوەی بیری ئەمەریکییەکانی بهێنێتەوە کە دەبێت پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ دۆستەکانیاندا هەبێت کە کوردەکانن و هەوڵی بەرەوپێشبردنی ئەو پەیوەندییانە بدەن.


*** دوا وتەت بۆ خوێنەرانی گوڵان چیە؟**

- من پێم وایە زیادکردنی رێژەی سەردان و تەفاعولی شەخسی لەگەڵ یەکدا و بەسەربردنی کات لەگەڵ یەکدا، نەك تەنها بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی کێشە سیاسییەکانەوە، بەڵکو بۆ شارەزابوون لە مێژوو و کلتووری یەکتریش باشترین رێگاچارەیە بۆ بەرەوپێشبردنی لێکتێگەیشتن و هێنانەدی ئاشتی لە جیهاندا.

**سەردانەکەی بارزانی لە کاتێکی زۆر گونجاودا بوو بۆ ئەوەی بیری ئەمەریکییەکانی بهێنێتەوە کە دەبێت پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ دۆستەکانیاندا هەبێت کە کوردەکانن**

پرۆفیسۆر گەنتەر خاوەنی ٧ کتێبە لەسەر کورد و زیاتر لە ٧٥ دیراسەت و وتاری لەسەر کورد لە میدیاکانی جیهان بڵاوکردۆتەوە، لەساڵی ١٩٧٢ەوە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی تێنسی و بە یەکێك لە تۆژە جیهانییەکان لەسەر پرسی کورد ناسراوە،

بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی ئەم سەردانەی سەرۆکی کوردستان بۆ ئەمریکا و ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا، پرۆفیسۆر گەنتەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



## مایکل گەنتەر بۆ گوڵان:

# لە عێراقدا هەموو رێگاکان دەچنەوە لای بارزانی واتە بارزانی تا دوا ئەندازە بۆ ئایندەی عێراق گرنگە

*** بەرێـــزت وەك یەكێك لە ئەكادیمیتســـە پســـپۆرەكانی جیهان لەسەر دۆزی كورد و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چۆن ئەم سەردانەی سەرۆك (مسعود بارزانی)ت بۆ ئەمریكا هەڵسەنگاند؟**

- ئەم سەردانە جێی سەرنجە، لەبەر ئەوەی پێشتر مسعود بارزانی چەند جارێكی دیكە هاتۆتـــە ئەمەریكا كە وەك كەســـایەتییەك نەناسرا، بەڵام ســـەردانی ئەم جارەیان وەك ســـەرۆكی هەرێمی كوردستانی عێراق كە بانگهێشتی رەسمی كراوە بۆ كۆشكی سپی، من وێنەیەكی بارزانیـــم بینی كە لەكاتی تەوقەكردن لەگەڵ ســـەرۆكی ئەمەریكادا زۆر خۆشـــحاڵی پێوە دیارە، ئەمە نیشانە و ئاماژەیە بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەكانی هەرێمی كوردستان لەگەڵ ئەمەریكادا، بە بەراورد بەوەی لە رابردوودا كە لە دۆخێكی خراپدا دەژیان لە ســـەر چیاكاندا بوون و لە دەستی رژێمی ســـەددام هەڵاتبوون، بەڵام ئێســـتا بانگهێشـــت بكرێت بۆ كۆشـــكی ســـپی و لە ئاستێكی یەكساندا بێت لەگەڵ سەرۆكی ئەمەریكادا، ئەمە دەستكەوتێكی زۆر گەورەیە.

*** ئایا تا چ رادەیەك ئەم ســـەردانە دەبێتە هـــۆی بەهێزكردنـــی پەیوەندییەكانی نێوان كورد و ئەمەریكا لە داهاتوودا؟**

- لە راســـتیدا حاڵی حـــازر پەیوەندییەكان باش و بەهێزن، بەڵام نابێت ئێمە لەم رووەوە موبالەغە بكەین، ئەمەریكا وەك بەشێك لە عێراق پشـــتگیری كوردستان دەكات، ئەمە بەو مانایە دێت كە ئەمەریكا پشـــتگیری لە عەرەبەكانیش دەكات، ئەمەریكا خوازیارە عێراقێكـــی بەهێز و كارا دروســـت بێت كە كوردەكان بەشـــێك بن لەو عێراقە. من پێم وایە هەندێ جـــار كوردەكان بەو شـــێوەیە بیردەكەنەوە كە ئەمەریكا تەنها پشـــتگیری لە كـــوردەكان دەكات لە عێراقدا، ئەمەریكا پشـــتگیری لە كوردەكان دەكات، بەڵام ئەوە پشتگیرییەكی ئەوەندە بەهێز نییە كە هەندێ لە كوردەكان لێكدانەوەی بۆ دەكەن.

*** ئەگەر دەستووری عێراق جێبەجێبكرێت و عێـــراق ببێتـــە دەوڵەتێكـــی فیدراڵی و دیموكراتی، كورد لاری لەســـەر ئەوە نییە وەك بەشـــێك لە عێراق سەیر بكرێت یان نە، بەڵام پرســـیاری ئێمـــە ئەوەیە تا چەند لەم چوارچێوەیـــەدا هەوڵەكانی ئێمە وەك كورد سەركەتوو دەبن؟**

- ئەمە پرســـیارێكی زۆر باشـــە، من پێم وایە دەبێـــت كوردەكان وەك دیپلۆماتكارێكی باش هەڵســـوكەوت بكەن، مەبەستم ئەوەیە دەبێت كوردەكان ئـــەوە بخەنەڕوو كە ئەوان هەموو هەوڵ و كۆششێكی جددی دەكەن بۆ جێبەجێكردنی دەستوور و داواكارییەكانییان ئەو سنوورە تێناپەڕێنێت كە دەستوور رێگەی پێداوە، ئەو كاتە ئەگەر دەستوور جێبەجێنەكرا، ئەوا ئۆباڵەكە ناكەوێتە ئەستۆی كوردەكان، بەڵكـــو دەكەوێتـــە ئەســـتۆی عەرەبەكان. كەواتە ئەمە هەلومەرجێكی دیپلۆماســـی هەســـتیارە و پێویست بە سەركردایەتییەكی ئارامگر و ژیرانە دەبێت لەلایەن كوردەكانەوە بـــۆ جێبەجێكردنـــی دەســـتوور، ئەگـــەر دەســـتوورەكەش جێبەجێنەكـــرا و ئەگـــەر هەڵبژاردنەكان سەركەوتنیان بەدەست نەهێنا، ئەوا ئەو راستییە بۆ ئەمەریكا روون بێتەوە كە بەرپرســـیارێتیەكە ناكەوێتە سەر شانی كوردەكان، لەبـــەر ئەوە ئەگـــەر كوردەكان كۆششـــی جددیان بۆ پیادەكردنی دەستوور و سەرخســـتنی هەڵبژاردنـــەكان كرد، ئەوا ئەمەریكا خۆشحاڵ دەبێت و ئەوكاتە ئەگەر پیادەكردنی دەســـتوور و هەڵبژاردنەكانیش ســـەركەوتنیان بەدەســـت نەهێنا، كوردەكان خەتابارنابن.

*** ئایا لـــە روانگەی ئۆباماوە ســـەرۆك بارزانی دەتوانێت چ رۆڵێك لەم رووەوە ئەدا بكات؟**

- من شتێكی سەرنجراكێشم بیست، ئەویش ئەوەیـــە كاتێـــك بارزانی لـــە پەیمانگای برۆكینس موحازەرەیەكی پێشكەش كرد، بەم شێوەیە تەقدیم كرا، «بە چەشنی پاریس لە فەڕەنسا كە هەموو رێگاكان دەچنەوە سەر پاریس، ئەوا لە عێراقـــدا هەموو رێگاكان دەچنەوە ســـەر بارزانی و سەر كوردەكان». ئەمەش بـــەو مانایە دێت كـــە بارزانی و كـــوردەكان تا دوا ئەندازە بۆ ئایندەی عێراق گرنگن.

*** ئارامی و ســـەقامگیری كوردستان بۆ ســـەركەوتنی سیاسەتی ســـەرۆك بارزانی دەگەڕێتـــەوە، ئایا تـــا چ رادەیەك ئەمە سوودی بۆ ئەمەریكا دەبێت و تا چ ئاستێك ئەمەریكا پشتیوانی لەم سیاسەتەی بارزانی دەكات بۆ ئەوەی ببێتە مۆدێلێك بۆ تێكڕای عێراق؟**

- من پێـــم وایە دەبێت كـــوردەكان كار بۆ پیادەكردن و جێبەجێكردنی دەســـتوور بكەن، ئەویش بە هاوكاری كـــردن بۆ هەوڵەكانی چارەســـەركردنی كێشـــەی كەركـــوك و سەرخســـتنی هەڵبژاردنەكان و رەچاوكردنی دەســـتووری وڵاتەكـــە، كە من پێـــم وایە كوردەكانیش ئیـــرادە و ئامادەیی خۆیان بۆ سەرخســـتنی هەڵبژاردنەكان پیشانداوە، بۆ نموونە ئەوان رازی بوون بەوەی ژمارەیەكی كەمتری كورسی پەرلەمانییان هەبێت لەوەی رابردوو هەیانبـــوو، ئەویش لە چوارچێوەی تێگەیشـــتنێكدا لەگەڵ ئیدارەی ئەمەریكا كە ئەمەریكا پشـــتگیری لـــە پیادەكردنی دەســـتووری وڵاتەكە بكات بـــە ماددەی ١٤٠ەوە، هەروەهـــا پشـــتیوانی بـــكات لە چارەسەركردنی كێشـــەی كەركوك و رۆڵی كوردەكان لە عێراقی فیدراڵیدا.


*** لـــەم ســـەردانەدا بـــاس لەوەدەكرێت كە سەرۆك ئۆباما سەرۆك بارزانی هانداوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سەركردەكانی دیكەی عێراقدا كار بۆ سەرخســـتنی پرۆسە سیاسییەكە لە عێراقدا بكەن، ئایـــا لە روانگەی ئۆباماوە ســـەرۆك بارزانی دەتوانێـــت چ رۆڵێك لەم رووەوە ئەدا بكات؟**

- لە راســـتیدا دەبێت ئێمە چاوەڕێی بكەین و ببینین دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان چۆن دەبێت، مەبەستم ئەوەیە ئایا بەرەوپێشچوونی دیكە روونادەن و كێشەی نوێ سەرهەڵنادەن كـــە بنەهـــۆی كەمكردنـــەوەی بایەخی هەڵبژاردنەكان؟ ئایا تا چ رادەیەك پێكهێنانی حكومەتـــەی لـــە دوای هەڵبژاردنەكانەوە زەحمـــەت بێت؟ ئایا كوردەكان وەك پێشـــتر هەمان گرنگی و پێگەیان دەمێنێت؟ یاخود ئایا كوردەكان تا چ ئاستێك بە یەكگرتوویی دەمێننەوە؟ ئایا رۆڵ و كاریگەری گۆڕان چـــی دەبێت؟ ئایا داكشـــانی ســـەنگ و پێگەی یەكێتی نیشتمانی بەردەوام دەبێت، ئایا ئەو كاتە كاریگەری و سەنگی پارتی دیموكراتی كوردستان چەند گەورەتر دەبێت؟ ئێمە دەبێت چاوەڕێی بكەین و ببینین پێش ئەوەی هیچ پێشبینییەكمان هەبێت لە ئاست دەرئەنجامەكاندا.

*** ئایـــا تـــا چ رادەیەك ئەم ســـەردانە نیشانەی ئەوەیە هێشتا ئەمەریكا پشتیوانی لە جێبەجێكردنی دەستوور و چارەسەركردنی كێشـــە هەڵپەســـێردراوەكانی نێوان هەرێمی كوردســـتان و حكومەتی عێـــراق دەكات؟ ئایا پەیوەندییەكانی ئەمەریكا و كوردستان چۆن دەبن لە دوای كشـــانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا؟**

- لە راســـتیدا ئەو ســـەردانە گرنگییەكی گـــەورەی هەبوو، لـــەوەش گرنگتر ئەوەیە

**سەردانی ئەم جارەیان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق کە بانگهێشتی رەسمی کراوە بۆ کۆشکی سپی، لە ئاستێکی یەکساندا بێت لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکادا، ئەمە دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە**




**ئەم بارودۆخە هەلومەرجێکی دیپلۆماسی هەستیارە و پێویست بە سەرکردایەتییەکی ئارامگر و ژیرانە دەبێت لەلایەن کوردەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور**

کاتێک باس لە مسعود بارزانی دەکرا، وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی بۆ دەکرا، ئەمە شتێکی زۆر زۆر گرنگە، ئێمە دەزانین پێشتر تورکیا وەك سەرۆك خێڵێك لە باکووری عێراق ئاماژەی بە بارزانی دەکرد، بەڵام ئێستا بەهێزترین دەوڵەت لەسەر ئاستی جیهان بە بارزانی دەڵێت سەرۆك بارزانی و ئەو پێگە و پێشوازییەش کە لە بارزانی کرا، هەمان ئەو پێگە و پێشوازیکردنە بوو کەلە سەرۆکی وڵاتێك دەکرێت، ئەمە نیشانەیەکی زۆر گرنگە بۆئەو پشتیوانییەی ئیدارەی ئەمەریکا لە بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیکات.

*** چۆن ئایندەی هەرێمی کوردستان دەبینیت؟ هەروەها تا چ رادەیەك پێت وایە سیاسەتی بارزانی سەرنجی جیهانی کێشکردووە و سەرکەوتووبووە لەم ناوچەیەدا؟**

- بارزانی کارێکی باشی ئەنجامداوە، لە راستیدا جیهان بە ئیجابییەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕوانن، بارزانی هەمیشە لە بەرگری کردن لە مافەکانی کوردستاندا کەسێکی مەنتیقی و واقیعی بووە، هەروەها لە چوارچێوەی دەستووردا داوای مافەکانی کوردستانی کردووەو هەمیشە ئاماژە بە دەستوور دەکات، ئەمە رێگایەکی یاسایی راست و دروستە و دەبێت بەردەوام بن لەسەری، لەبەر ئەوە نابێت داوکارییەکانتان لە دەستوور دەربچێت، لە هەمان کاتدا نابێت بترسن لە داواکردنی ئەوەی دەستوور پێیداون. لەم روانگەیەوە بارزانی سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێناوە لە پیادەکردنی سیاسەتێکی واقیعیانەدا. لە لایەکی دیکەوە دەبێت چاوەڕێی بکەین کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان چۆن دەبن، لەبەر ئەوەی هێشتا دڵنیانین لە ئایندەی عێراق، دەبێت بزانین دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەبێت.

*** دوا وتەت چیە؟**

- دەبێت خەڵکی کوردستان ئارامگربێت، نابێت داواکاری زیاد لە پێویست بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت بترسن لە بەرگری کردن و پاراستنی ئەوەی تا ئێستا بەدەستتان هێناوە، چونکە ئەو دەستکەوتانەی ئێوە بەدیتان هێناون، زۆر زیاترن لەوەی پێشبینی دەکرا، ئێوە دەبێت کار بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتانە بکەن، ئەویش لە رێی پاراستنی یەکێتی و یەکگرتوویی لە ناوخۆتاندا، یەکێتی و یەکگرتووییش بە چاکسازیکردن دەبێت، بە چارەسەرکردنی کێشەکانی وەك گەندەڵی و مەحسوبیەت دەبێت، واتە دەبێت کوردستان کار و کۆششی سەخت بکات بۆ بەرەوپێشبردن و پتەوکردنی دیموکراسی لە هەرێمەکەدا، نابێت بەو شێوەیە رەفتار بکەن کە هەموو شتێکی تەواوە و هیچ کێشەیەك لە ئارادانییە، بەڵکو دەبێت کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بکەن.

**ئاستی جیهان بە بارزانی دەڵێت سەرۆک بارزانی و ئەو پێگە و پێشوازییەش کە لە بارزانی کرا، هەمان ئەو پێگە و پێشوازیکردنە بوو کەلە سەرۆکی وڵاتێک دەکرێت**



**سەرۆک بارزانی لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنی پاریس لە فەرەنسا هەموو رێگاکان دەچنەوە لای ئەو**


پرۆفیسۆر هنری بارکی لەگەڵ گراهام فۆلەری بەڕێوەبەری پێشووی CIA ئەمریکا و نووسەری کتێبی کێشەی کوردن لە تورکیا، ئێستا پرۆفیسۆر بارکی تایبەت لەسەر هەرێمی کوردستان لە ئامۆژگای کارنجی تۆژەرە، بۆ قسەکردن لەسەر سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ ئەمریکا و بایەخی هەرێمی کوردستان لەسیاسەتی ئەمریکادا، پرۆفیسۆر بارکی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



هنری بارکی بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی لەم سەردانەیدا هەوڵیدا بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بخاتە روو و لەبەر چاو بگیرێن






*** خوێندنـــەوەی ئێـــوە بۆ ســـەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ کۆشکی سپی چیە، لەم هەل و مەرجەدا کە عێراق بەرەو هەڵبژاردن دەچێت و بەدەســـت ناســـەقامگیری دۆخە سیاسییەکەوە دەناڵێنێت؟**

- من پێم وایە بە شێوەیەکی گشتی سەردان و گەشـــتێکی باش بوو، کە تێیدا سەرۆك بارزانی هەوڵی ئەوەیـــدا بەرژەوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بخاتەڕوو، ئەو بەرژەوەندییانە لە بەرچاوبگیرێن.

*** سەردانی سەرۆك بارزانی و پێشوازیکردنی لە لایەن سەرۆك ئۆباماوە نیشانەی بوونی پەیوەندیـــی باشـــی نێـــوان ئەمەریـــکا و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پرسیارەکە ئەوەیـــە ئایا تا چ رادەیەك ئەم ســـەردانە دەبێتە هۆی بەهێزکردنـــی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمەریکا لە داهاتوودا؟**

- ئەمانە پرســـیارێکن کـــە ناتوانرێن وەڵام بدرێنـــەوە، لەبەر ئەوەی ئـــەم پەیوەندییانە دەوەستنەســـەر ئـــەوەی هـــەر لایەنێك چ سیاســـەتێك دەگرنەبـــەر، حاڵـــی حـــازر پەیوەندییەکانـــی ئەمەریـــکا و هەرێمـــی کوردســـتان پەیوەندیگەلێکی باشن، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی هەر لایەکیان چ سیاسەتێك تەبەنی دەکات، هەرچەنـــدە من بـــاوەڕم وایە هیچ لایەکیـــان سیاســـەتێك ناگرێتەبـــەر دژی لایەنەکەی دیکە، بەڵام هەرێمی کوردستان نیگەرانە لە بارەی ئەوەی رەوتی رووداوەکان لە دوای کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بەرەو کـــوێ دەچن، هەروەهـــا ئەمەریکا نیگەرانە لە بارەی ئەوەی چۆن کێشـــەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان یەکلادەکرێنەوە.

*** کـــوردەکان بڕیـــاری مانەوەیـــان لـــە چوارچێوەی عێـــراق داوە، ئەویش بە پێی سیســـتەمی فیدراڵی، بەڵام کێشە ئەوەیە عەرەبەکانی عێـــراق فیدراڵیزم رەتدەکەنەوە، ئایـــا ئەمەریکا تا چ رادەیـــەك بایەخ بە پاراســـتنی یەکێتـــی عێـــراق دەدات لەم حاڵەتەدا؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە رێگاچارەی جاڕدانی سەربەخۆیی لە لایەن کوردستانەوە رێگاچارەیەکی نامومکین و واقیعی نییە، لە هەمان کاتدا ئەوەش راستە کە عەرەبەکانی عێراق تێڕوانینێکی ئیجابیان نییە لە ئاست فیدراڵیزمـــدا، بەڵام من پێم وایە دەتوانرێت ئەم کێشەیە چارەســـەربکرێت ئەگەر هاتوو کێشە گەورەکانی وەك کێشەی داهاتی نەوت و ناوچە ناکۆکی لەســـەرەکان یەکلاکرانەوە. کەواتە جێگیرکردن و پیادەکردنی فیدراڵیزم کاتـــی دەوێت، لەبەر ئەوەی هەرگیز عێراق وڵاتێکـــی فیدراڵـــی نەبـــووە و فیدراڵیزم چەمکێکی نوێیە لـــە ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا من باوەڕناکەم ئەوەی بەدەستهاتووە لەم رووەوە پێچەوانە بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی تێکڕای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە گرنگی فیدراڵیزم لە عێراقدا تێدەگەن.

*** بە پێی رووماڵکردنی راگەیاندنەکان بۆ ئەم سەردانە، باس لەوە دەکرێت کە سەرۆك ئۆباما ســـەرۆك بارزانی هانداوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ســـەرکردەکانی دیکـــەی عێراقدا کار بۆ سەرخســـتنی پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا بکەن، ئایـــا لە روانگەی ئۆباماوە ســـەرۆك بارزانی دەتوانێـــت چ رۆڵێك لەم رووەوە ئەدا بکات؟**

- ئەگەر ئێوە پرسیار لە گرنگی کەسایەتی بارزانـــی دەکـــەن، ئەوا ئەمە پرســـیارێکە تەنهـــا یەك وەڵامی هەیە، بـــە دڵنیاییەوە بارزانـــی کەســـایەتییەکی گرنگ و وەك



کەسایەتییەکی گرنگیش دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانە، ئێمە ناتوانین لەم رووەوە شتێکی پێچەوانە بڵێین. ئەوەی پەیوەندی بە پرۆسە سیاسییەکەوە هەبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەمەریکا بایەخ بە سەقامگیری عێراق دەدات، لەبەر ئەوەی ئەگەر دۆخەکە بەرەو نائارامی و ناسەقامگیری بچێت، ئەوا ئەمەریکا ناچار دەبێت دووبارە دەستێوەردان بکاتەوە، ئەمە دوایەمین شتە کە ئەمەریکا خوازیارە بێتە رێی، لەبەر ئەوە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بە مانای ئەوە نایەت چیتر ئەمەریکا گرنگی و بایەخ بە سەقامگیری و ئارامی عێراق نادات.

*** هەندێ لە چاودێران بە هەرێمی کوردستان دەڵێن عێراقەکەی دیکە، یان عێراقی ئارام، ئەمەش بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی سەرۆك بارزانی دەگەڕێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك ئەمە سوودی بۆ ئەمەریکا دەبێت و تا چ ئاستێك ئەمەریکا پشتیوانی لەم سیاسەتەی بارزانی دەکات بۆ ئەوەی ببێتە مۆدێلێك بۆ تێکڕای عێراق؟**

- ئێمە دەبێت وریابین و زۆر جەخت لەسەر جیاوازی کوردستان نەکەینەوە لە بەشەکانی دیکەی عێراق، بۆ ئەوەی ئەم تێڕوانینە لای عەرەبەکانی عێراق قوڵترنەبێتەوە کە حاڵی حازر کوردستان وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ هەڵس و کەوت دەکات، لەم رووەوە دەبێت لە کوردستاندا کار بۆ بەرەوپێشبردن و پتەوکردنی پرۆسە دیموکراتییەکە بکەین، دەبێت کوردستان زیاتر شەفاف و کەمتر گەندەڵ بێت.

*** هەندێ لە شیکەرەوەکان پێیان وایە گرنگی ئەم هەڵبژاردنانە ئەوەیە دەبێتە هۆی دیارکردنی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، لێرەدا ئێمە دەپرسین ئایا سەرۆك بارزانی دەتوانێت چ رۆڵێکی ئیجابی لە نزیککردنەوەی لایەنە عێراقییە جیاوازەکان ببینێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان بەسەرکەوتوویی بەڕێوە بچن؟**

- لە راستیدا بارزانی رۆڵێکی دیارکراوی نییە لەم هەڵبژاردنانەدا بۆ ئەوەی ئەدای بکات، بەڵکو ئەوەی دەبێت کاری بۆ بکرێت ئەوەیە هەڵبژاردنەکان بە پاکی و لە کات و وادەی خۆیاندا ئەنجام بدرێن، بێ ئەوەی هیچ لایەنێك دەستێوەردانی تێدا بکات.

*** چۆن ئایندەی هەرێمی کوردستان دەبینیت؟ هەروەها تا چ رادەیەك پێت وایە سیاسەتی بارزانی سەرنجی جیهانی کێشکردووە و سەرکەوتووبووە لەم ناوچەیەدا؟**


- ئێمە دەزانین لەو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەی کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا، گۆڕان ئەنجامێکی باشی بەدەستهێنا، لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر ناڕازی بوون، کەواتە دەبێت کوردستان کار بۆ باشترکردنی حکومڕانێتییەکەی، دیموکراسییەکەی و سیستەمی پارتایەتییەکەی بکات، ئەگەر کوردستان ئەم کارانە بکات، ئەوا ئایندەیەکی گەش چاوەڕێی دەکات، لەبەر ئەوەی بە چەشنی بەشەکانی دیکەی عێراق نەکەوتۆتە ژێر کاریگەرییە خراپەکانی شەڕەکەوە، هەروەها دەروازەیەکی باشی بۆ سەر جیهانی دەرەوە لە رێی تورکیا هەیە، لە هەمان کاتدا سەرچاوەگەلێکی گەورەی نەوت و غازی هەیە کە دەتوانێت بۆ بەرەوپێشچوونەکانی ئایندە بەکاریان بهێنێت. کەواتە کێشەکە لە حکومڕانیتییەکەدا کە دەبێت رووبەڕووی ئەم کێشەیە ببنەوە.

**بە دڵنیاییەوە بارزانی کەسایەتییەکی گرنگ و وەک کەسایەتییەکی گرنگیش دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانە**

**دەبێت کوردستان کار بۆ باشترکردنی حکومڕانێتییەکەی، دیموکراسییەکەی و سیستەمی پارتایەتییەکەی بکات**

پرۆفیسۆر چارلس نایت
که ئێستا خاوەنی
پڕۆژەی

ئەلتەرناتیڤی بەرگرییە، هەتا ساڵی ١٩٨٩ سەرۆکی ئامۆژگای کۆمونویلس و لە ١٩٨٩- تائێستاش سەرۆکی ئامۆژگای بەدیلی و بەرگری و داماڵینی چەکە و یەکێکە لە شرۆڤانە سیاسییە دیارەکانی ئەمریکا لە بواری سیاسەتی دەرەوە و بەرگریدا، سەبارەت بە سەردانەکەی سەرۆکی کوردستان لەم کاتە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو پێشوازی کردنی لە ئاستی سەرۆك و گەورە بەرپرسانی ئەمریکا، پرۆفیسۆر نایت بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



چارلس نایت بۆ گوڵان:

# پێشوازیکردن لە سەرۆکی کوردستان لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکاوە گرنگیپێدان و بایەخپێدانی ئەمەریکا دەخاتەڕوو بۆ هەرێمی کوردستان



**پێشوازیکردن لە سەرۆکی کوردستان لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکاوە گرنگپێدان و بایەخپێدانی ئەمەریکا دەخاتەڕوو بە هەرێمەکەیان**

*** ئێوە وەك پسپۆڕێك لە بواری کاری سیاسەتی بەرگری و ستراتیژی، چۆن سەیری سەردانەکەی سەرۆك بارزانیتان بۆ کۆشکی سپی کرد؟**

- من پێم وایە ئامانجی ئەم سەردانە ئەوەبوو کە ئیدارەی ئەمەریکا بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرێت، ئێمە دەزانین کە بارودۆخێکی ئاڵۆز هەیە لە عێراقدا و ئەمەریکاش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پشتیوانی لە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، ئەم سەردانەش بۆ پتەوکردنی ئەو پشتوانییەیە، هەروەها بۆ دڵنیابوونە لەوەی ئەو پاڵپشتییە بەردەوام دەبێت لە دوای کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا.

*** سەردانی سەرۆك بارزانی و پێشوازیکردنی لە لایەن سەرۆك ئۆباماوە نیشانەی بوونی پەیوەندیی باشی نێوان ئەمەریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەم سەردانە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمەریکا لە داهاتوودا؟**

- لە راستیدا دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاوسەنگییەك بپارێزێت لە نێوان پشتیوانیکردنی کوردەکان و رێگرتن لەوەی رەوتی ناسیونالیستی کوردەکان بگاتە ئاستێك سەربکێشێت بۆ دابەشبوونی وڵاتەکە، ئەوەی ئێستا روودەدات شتێکی نوێ نییە، بەڵام بۆ کوردەکان زۆر گرنگە، چونکە پێشوازیکردن لە سەرۆکی کوردستان لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکاوە گرنگپێدان و بایەخپێدانی ئەمەریکا دەخاتەڕوو بە هەرێمەکەیان.

*** ئێستا کێشەی عێراق ئەوەیە کە عەرەبەکانی عێراق فیدراڵیزم رەتدەکەنەوە، ئایا ئەمەریکا تا چ رادەیەك بایەخ بە پاراستنی یەکێتی عێراق دەدات لەم حاڵەتەدا؟**

- نیگەرانی و پرسی سەرەکی لای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەیە لە دوای کشاندنەوەی هێزەکانیان لە عێراقدا حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز دروست بێت، بەڵام کێشە و دژوارییەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت لە رێی پیادەکردن و جێگیرکردنی سیستەمی فیدراڵییەوە بتوانرێت حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز پێکبهێنرێت، بە چەشنێك بتوانێت دۆخە ئەمنییەکە کۆنترۆڵ بکات و یاسا و رێسای پێویست دەربکات، کە ئەم کێشانە زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان خۆیان بۆ ئەوەی هەڵبستن بە چارەسەرکردنیان، بە تایبەتی دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکە دەکشێنەوە، ئێوە ئاماژەتان بە کێشەی کەرکوك نەکرد، کە هەرچەندە من هیچ زانیارییەکم لە بارەی بەرەوپێشچوونی ئەم پرسە نییە، بەڵام پێم وایە ئەمە سەختترین کێشەیە کە رووبەڕووی عێراقییەکان بۆتەوە.

*** ئایا تا چ رادەیەك ئەم سەردانە نیشانەی ئەوەیە هێشتا ئەمەریکا پشتیوانی لە جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەکات؟ ئایا پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کوردستان لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا چۆن دەبن؟**

- لە کاتێکدا کە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کەمتر دەبێت، ئەوا دەبێت زیاتر و زیاتر پشت بە سەرکردەکانی وڵاتەکە ببەستێت. ئەمەریکا خوازیارە ئەو سەرکردانە لە عێراقدا جڵەوبگرنە دەست کە وڵاتەکە بەرەو سەقامگیری و یەکگرتوویی ببەن، بارزانیش یەکێکە لەو سەرکردانەی کە کارێك ناکات سەقامگیری وڵاتەکە بخاتە مەترسییەوە، یاخود ببێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکییەکی گەورە لە وڵاتەکەدا، لەبەر ئەوەیە کە سەرکردەیەکی خوازراوە لە ئەمەریکادا، چونکە ئێمە دەزانین هەندێ لە سەرکردەکان، جا سەرکردەی ناوچەیەکی دیارکراو یان گروپێکی دیارکراوبن، دەتوانن رۆڵیان لە باشترکردنی دۆخەکە و دروستکردنی سەقامگیریدا هەبێت.

**ئەمەریکا خوازیارە ئەو سەرکردانە لە عێراقدا جڵەوبگرنە دەست کە وڵاتەکە بەرەو سەقامگیری و یەکگرتوویی ببەن، بارزانیش یەکێکە لەو سەرکردانە**

*** دوا وتەت چیە؟**

- ئەو کارەی ئێوە حاڵی حازر ئەنجامی دەدەن جێی سەرنجە، لەبەر ئەوەی دوای نزیکەی دە ساڵ بوونی ئەمەریکا لە عێراقدا چیتر هەواڵەکانی عێراق لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکانی ئەمەریکا داگیرناکەن و لە راستیدا رۆژنامەکانی ئەمەریکا تەنها ئەوکاتە باسی عێراق دەکەن کە تەقینەوەیەکی گەورە رووبدات و خەڵك ببنە قوربانی، لەبەر ئەوەی تەرکیزی ئیدارەی ئەمەریکا زیاتر لەسەر ئەفغانستانە و زۆر گرنگە خەڵکانی وەك ئێوە پەیوەندی بە ئەمەریکیەکانەوە بکەن و سەرنجیان بۆ بارودۆخ و هەل و مەرجی وڵاتەکەتان رابکێشن.

پرۆفیسۆر کارپنتەر جێگری سەرۆکی پەیمانگای بەناوبانگی کاتۆیە بۆ دیراساتی بەرگری و دەرەوە، خاوەنی ١٨ کتێبە لەسەر سیاسەتی بەرگری و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و هەتا ئێستا زیاتر لە ٣٥٠ وتاری لە رۆژنامە گەورەکانی ئەمەریکا وەك نیویۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست و وۆڵ ستریت جۆرناڵ بلاوکردۆتەوە و بەیەکێك لە شرۆڤەوانە جیهانییەکان دەژمێریت لە سیاسەتی بەرگی و دەرەوەی ئەمەریکادا، بۆقسەکردن لەسەر ئەم سەردانە مێژووییەی سەرۆك بارزانی و ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا پرۆفیسۆر کارپنتەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.



تید گەلن کارپنتەر بۆ گوڵان:

## ئیدارەی ئەمەریکا خۆشحاڵ بوو بە پێشوازیکردن لەسەرۆک بارزانی

# سەرۆک بارزانی یەکێکە لە کەسایتییە زۆر گرنگەکانی عێراق

*** ئەمە یەکەمجارە بەو ئاستە بەرزە پێشوازی لە سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردستان دەکرێت، بەڕێزت چۆن ئەم سەردانەت خوێندەوە؟**

- ئیدارەی ئەمەریکا خۆشحاڵ بوو بە پێشوازیکردن لە سەرۆك بارزانی، هەروەها ئەمەریکا ئەو راستیەی لەبەرچاوە کە هەرێمی کوردستان بەشێکی سەقامگیرە لە عێراقدا و کار بۆ بەرەوپێشبردنی دەرفەتە ئابوورییەکان لەو هەرێمەدا دەکات و وەك مۆدێلێکی سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەڕوانێت بۆ ئەوەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا جێبەجێبکرێت.

*** سەردانی سەرۆك بارزانی و پێشوازیکردنی لە لایەن سەرۆك ئۆباماوە نیشانەی بوونی پەیوەندیی باشی نێوان ئەمەریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەم سەردانە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان کورد و ئەمەریکا لە داهاتوودا؟**

- ئەوە بە شێوەیەکی گشتی راست و دروستە، لە هەمان کاتدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی پاراستنی هاوسەنگی دەدات لە عێراقدا و لە راستیدا ئەمەریکا پابەندبوونێکی بەهێزی هەیە بە پاراستنی یەکێتی عێراقەوە، هیوادارە سەرکردە کوردەکان باشتر هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکەن و لە هەمان کاتدا دیپلۆماتکارە ئەمەریکییەکانیش لە بەغدا فشار لەسەر حکومەتی مالیکی دەکەن بۆ ئەوەی پتر هاوکار بێت لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، چونکە هەر گرژییەك لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا رووبدات، زیان بە یەکێتی عێراق دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی هەڵکشانی پشێوی و ناسەقامگیری سیاسی لە ناوچەکەدا.

*** کوردەکان بڕیاری مانەوەیان لە چوارچێوەی عێراق داوە، ئەویش بە پێی سیستەمی فیدراڵی، بەڵام کێشە ئەوەیە عەرەبەکانی عێراق فیدراڵیزم رەتدەکەنەوە، ئایا ئەمەریکا تا چ رادەیەك بایەخ بە پاراستنی یەکێتی عێراق دەدات لەم حاڵەتەدا؟**

- بە لای کەمەوە لە مەودای کورتدا ئەمە دەبێتە ئەولەویەتی ئیدارەی ئەمەریکا، لە راستیدا گفتوگۆ و مشت و مڕێکی زۆر دەکرێ لە بارەی ئەوەی ئەگەر ناسەقامگیری و پشێوی لە عێراقدا بەرەو هەڵکشان چوو، پلانی بەدیلی ئەمەریکا چی دەبێت، زۆرجار باس لەوە دەکرێت یەکێك لە رێگاچارەکان ئەوەیە پشتگیرییەکی بەهێز لە هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان بکرێت، بەڵام حاڵی حازر ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە هەموولایەنەکان سازش لەگەڵ یەکدا بکەن، لە راستیدا ئیدارەی ئەمەریکا فشارێکی نەرم دەخاتە سەر حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك بهێنرێتەدی و یەکێتی وڵاتەکە بپارێزرێت، چونکە ئەوە راستە کە عەرەبەکان پشتگیری لە فیدراڵیزمێك ناکەن کە ئاستێکی بەرزی ئۆتۆنۆمی بدات بە هەرێمی کوردستان و ئەوەش ئاشکرایە کە بەشێکی زۆری کوردەکان خوازیاری بەدەستهێنانی سەربەخۆییەکی تەواون، بەڵام ئەمەریکا کار بۆ خاوکردنەوەی ئەم دوو رەوتە دەکات.

*** هەتا ئێستا و لەماوەی ئەو ساڵەی کە سەرۆك ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکایە، هەر گوێبیستی ئەوە بووین کە ئەمەریکا جەخت لەسەر ئەفغانستان دەکاتەوە نەك عێراق، بەڵام ئەم سەردانەی سەرۆکی کوردستان ئەو راستییەی پێچەوانە کردەوە، ئایا تۆ وەك پسپۆڕێك چۆن ئەم گۆڕانکارییە لێکدەدەیتەوە؟**

- لە لایەکەوە ئەوە راستە کە بەزرترین ئەولەویەتی ئیدارەی ئەمەریکا ئەفغانستانە نەك عێراق، هەروەها لە لایەکی دیکەوە ئەو نیگەرانییە هەیە کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ببێتە هۆی دروستبوونی ناسەقامگیری سیاسی و هەڵکشانی توندوتیژی کە ئەگەر ئەمەش رووبدات، ئەوا کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی کشاندنەوەی هێزەکان دەبێت بە پێی ئەو خشتەیەی بۆی دانراوە، چونکە بەرزبوونەوەی ئاستی ناسەقامگیری و توندوتیژی دەبێتە ئیحراجیەکی سیاسی بۆ ئەمەریکا، لەم روانگەیەوە ئەمەریکا خوازیارە سەقامگیری لە عێراقدا بچەسپێت بۆ ئەوەی هێزەکانی پاشەکشە پێبکات و خۆی بۆ ئەولەویەتی باڵای ئیدارەکەی تەرخان بکات، کە ئەفغانستانە. ئەوەی پەیوەندی بە بارزانییەوە هەبێت، ئەوا ئەو یەکێکە لە کەسایەتییە زۆر گرنگەکانی عێراق، لە راستیدا ئێمە دەبێت ئەو راستییە بزانین کە کێشەی دیکە لە عێراقدا هەیە، وەك ناکۆکی نێوان سوننە و شیعەکان و کێشەی دوورخستنەوەی ئەو کەسانەی ئیدیعای ئەوە دەکرێت پێشتر پەیوەندیان بە بەعسییەکانەوە هەبووە، کە رەنگە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی سوننەکان موقاتەعەی هەڵبژاردنەکان بکەن کە لە روانگەی ئەمەریکاوە ئەمە کارەساتێکی گەورەیە. کە لەم کێشەیەدا مالیکی ئەو کەسایەتیەیە کە چاوەڕێی لێدەکرێت رۆڵێکی گەورە ببینێت لەم رووەوە. هەروەها ئەوەی ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە سەرچاوەی گرژی و کێشە لە نێوان کوردستان و حکومەتی عێراق، کێشەی کەرکوکە کە ئەمەریکا لەم رووەوە چەندین پێشنیاری پێشکەش کردووە کە هەموویان سازشیان لەخۆدەگرت، بەڵام کوردەکان بە پەرۆشەوە پێشوازییان لەم پێشنیارانە نەکردووە، نیگەرانی ئەمەریکا ئەوەیە ئەگەر کوردەکان فشاری زیاتر بکەن بۆ ئەوەی کەرکوك بکەنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزییەکی گەورە نەك هەر لە عێراقدا، بەڵکو کاریگەری لەسەر وڵاتانی دراوسێش دەبێت، بە تایبەتی تورکیا.

*** تا چ ئاستێك ئەمەریکا پشتیوانی لەم سیاسەتەی بارزانی دەکات بۆ ئەوەی ببێتە مۆدێلێك بۆ تێکڕای عێراق؟**

- لە راستیدا ئەمەریکا پشتیوانییەکی بەرچاو لە کوردەکان دەکات، بەڵام ئەمەریکا پەیوەندییەکی بەهێزی ئەوتۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دروست ناکات، بە چەشنێك وا دەربکەوێت کە کوردەکان هاوپەیمانی سەرەکی نوێی ئەمەریکان لە عێراقدا و ئەمەریکا رۆڵ و پێگەی بەشەکانی دیکەی عێراق و حکومەتی عێراق پەراوێز دەکات، لەبەر ئەوە ئەمە هاوسەنگیەکی سیاسی و دیپلۆماسی هەستیار و دژوارە کە دەبێت

**وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی پاراستنی هاوسەنگی دەدات لە عێراقدا و هیوادارە سەرکردە کوردەکان باشتر هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکەن و لە هەمان کاتدا دیپلۆماتکارە ئەمەریکییەکانیش لە بەغدا فشار لەسەر حکومەتی مالیکی دەکەن بۆ ئەوەی پتر هاوکار بێت لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا**

**ئەمەریکا پشتیوانییەکی بەرچاو لە کوردەکان دەکات، بەڵام ئەمەریکا پەیوەندییەکی بەهێزی ئەوتۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دروست ناکات، بە چەشنێک وا دەربکەوێت کە کوردەکان هاوپەیمانی سەرەکی نوێی ئەمەریکان لە عێراقدا**



هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی باش سەرنجی جیهانی دەرەوەی بۆ خۆی کێشکردووە، وەک هەرێمێک کە لە رووی ئابووری و سیاسییەوە سەقامگیرە

ئەمەریکا بیپارێزێت.

*** پێش سەردانەکەی سەرۆك بارزانی ئیدارەی ئەمەریکا پابەندبوون و پشتیوانی خۆی بە جێبەجێکردنی دەستوور و ماددەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە تایبەتی کەرکوك راگەیاندبوو، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەم سەردانە نیشانەی ئەوەیە هێشتا ئەمەریکا پشتیوانی لە جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەکات؟ ئایا پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کوردستان لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا چۆن دەبن؟**

- ئێمە دەزانین ئیدارەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پابەندبوونی خۆی دووپات کردەوە بە پشتیوانیکردن لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، بەڵام ئەوەی ئەمەریکا لە بارەیەوە نیگەرانە ئەو کێشانەیە کە تەفسیکردنی بڕگە و ماددە جیاوازەکانی دەستوورەوە دروستی دەکەن، کە ئەمەریکا لەم رووەوە خوازیارە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق هاوکارییەکی نزیك لەگەڵ یەکدا بکەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەم کێشانە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و سیاسییانە چارەسەربکەن، هەرچەندە بەرپرسانی ئیدارەی ئەمەریکا لەوە دڵنیانین ئایا ئەم هاوکارییە دروست دەبێت یاخود لە حاڵەتی دروستبوونیدا بەردەوام دەبێت، یاخود نا.


*** چۆن ئایندەی هەرێمی کوردستان دەبینیت؟ هەروەها تا چ رادەیەك پێت وایە سیاسەتی بارزانی سەرنجی جیهانی کێشکردووە و سەرکەوتووبووە لەم ناوچەیەدا؟**

- من پێم وایە هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی باش سەرنجی جیهانی دەرەوەی بۆ خۆی کێشکردووە، وەك هەرێمێك کە لە رووی ئابووری و سیاسییەوە سەقامگیرە کە ئەگەر هاتوو بەشەکانی دیکەی عێراقیش ئامادەبن هەمان سیاسەت پیادە بکەن، ئەوا هەرێمی کوردستان دەبێتە مۆدێلێکی راستەقینە لە عێراقدا.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من هیوای سەرکەوتن بۆ هەڵبژاردنەکان دەخوازم، هەروەها پێم وایە دەبێت خەڵکی کوردستان هەمیشە بە ورياییەوە لەو بەرەوپێشچوونانە بڕوانن کە بەدەستیان هێناوە و هەمیشە هۆشیاربن بەو کێشە و تەحەددیاتانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە.

# فۆبیای ناوی کوردستان



**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**

لەدیـــداری مانگــی رابـــوردووی نێوان رۆژنامەنووســـانی کوردســـتان و رۆژنامەنوســـانی تورك لەئیســـتانبول، مەســـەلەی بەکارهێنانی دەستەواژەی هەرێمی کوردستان وروژێنرا. ئەگەرچی ئێســـتا تورك لەچاو جاران زۆر بەرووی بەکارهێنانی دەســـتەواژەکەدا کراونەتەوە بەڵام دیارە هێشتا ئاسەواری سڵکردنەوە لەبەکارهێنانـــی ئەم دەســـتەواژەیە هەر ماوە.

تورکیـــا لەم مەســـەلەیەدا ئەزمونی عێـــراق دوبـــارە دەکاتـــەوە، مێژووی سیاســـیی عێراق بەدرێژایی ٥٣ ساڵ مێژووی ســـڵکردنەوەیە لەبەکارهێنانی وشـــەی کوردســـتان. لەکاتێکدا عێراق هیـــچ کێشـــەیەکی لەبەکارهێنانـــی وشـــەی کورددا نەبووە، لـــەو ماوەیەدا لەهیچ دیکۆمێنتێکی فەرمیدا وشەی کوردستانی بەکار نەهێناوە.

وەك چۆن هەموو شتێك پەرە دەسەنێ، ئـــەم مەســـەلەیەش پەرەی ســـەندووە. دەستوری ساڵی ١٩٢٥ نە ناوی کوردی تێدا هاتووە نە ناوی کوردســـتان، بەڵام دەبێ ئـــەوەش بوترێ کەدەســـتورەکە ناوی عەرەبیشـــی تێدا نەهاتووە. ساڵی ١٩٥٨ وشەی ((کورد)) بۆ یەکەم جار لەمێژووی عێراقدا چوە ناو دەســـتورەوەو لێـــرە بـــەدواوە ئەم وشـــەیە چەترێکی یاســـایی چنگ کەوت. ساڵی ١٩٦٣ حزبـــی بەعـــس ئامادەییـــی دەربڕی کەپارێزگایـــەك بەنـــاوی پارێـــزگای ســـلێمانییەوە لەتێکهەڵکێـــش کردنـــی هەردوو لیـــوای ســـلێمانی و هەولێرو لیوای پێشنیارکراوی دهۆك پێك بێنێ. ئەمـــە بەم واتایە دێ کـــە تا ئەو کاتە بەعس ئامادە نەبوو وشـــەی کوردستان بەکار بهێنێ. پاش ئەم پرۆژەیە بەســـێ ســـاڵ، ســـەرەك وەزیران عەبدولرەحمان بەززاز ســـەرەڕای نیاز پاکیی و هەوڵی راســـتگۆو بیۆچانی بۆ بەئاشـــتییانە چارەســـەرکردنی مەســـەلەی کـــورد، پرۆژەیەکی پێشنیار کرد ناوەڕۆکەکەی خۆدزینەوە بوو لەپێکهێنانی نیشتمانێکی نەتەوەیی لەعێراقدا بۆ کوردو بەکردەوەش هەوڵدان بوو بۆ خۆلادان لەبەکارهێنانی وشەی کوردستان.

ســـڵکردنەوە لەبەکارهێنانی وشـــەی کوردســـتان شـــتێکی شـــاراوە نەبووە، تەنانـــەت ئێـــس جـــەی ئیدمۆندس، کەنزیکەی ٣٠ ساڵی تەمەنی لەعێراق بەسەر بردووەو لەساڵانی ١٩٢٢-١٩٢٥ راوێـــژکاری سیاســـی و پشـــکنەری کارگێڕی بوو لەســـلێمانی و کەرکوك و ماوەیەکیـــش باڵیـــۆزی بریتانیا بوو لەعێراقداو شارەزاییی تەواوی لەزمانی کـــوردی و کاروبـــاری کـــورد هەبوو، لەوتارێکی ساڵی ١٩٦٩یدا لەکۆمەڵەی شاهانەی ئاسیای ناوەڕاست پێشنیاری کردبوو ناوی سەلاحەددین لەبری ناوی کوردستان بۆ هەرێمی کوردنشینی عێراق بەکار بهێنـــرێ و وای دانابوو کەئەمە چارەسەری سڵکردنەوەی بەغدا لەوشەی کوردستان دەکا، چونکە سەلاحەددین هەم لەلای کورد رێزو خۆشەویســـتیی هەیە هـــەم لەلای بەغدا. بـــەڵام ئیدمۆندس لـــەوە نەگەیشـــتبوو کەبەغـــدا بەوەی کەناوی ســـەلاحەددینی بەجاشـــەکان بەخشـــیوەو هێزێکی بەناوی ســـوارەی ســـەلاحەددینەوە لێ پێك هێناون، هیچ رێزێکی بۆ سەلاحەددینی تێکشێنەری خاچپەرســـتەکان و رزگارکەری قودس نەهێشتۆتەوە.

بەیاننامـــەی ١١ی ئـــازاری ١٩٧٠ بەسەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، هەلومەرجێکی گونجاوی بۆ رەوینەوەی ترس لەبەکارهێنانی وشەی کوردستان پێك هێنا. چوار ساڵی ئاشتی رێ خۆشکەر بون بۆ بەفەرمیکردنی وشەی کوردستان لەعێراقدا. ساڵی ١٩٧٤ سەرەڕای کرچ و کاڵیی ئۆتۆنۆمییەکەی بەغدا، وشەی کوردستان پاش ٥٣ ساڵ لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراق چەترێکی یاســـایی و دەستوریی بەدەست هێنا.

ئێرانییـــەکان بەبـــەراورد لەگـــەڵ عێراقییـــەکان و تورکـــەکان لەمێـــژە واقعیبیانەتـــر ســـەیری مەســـەلەکەیان کردوەو لەسەردەمی شاوە پارێزگایەکی وڵاتەکەیـــان ناو نـــاوە کوردســـتان و هەستیشـــیان بەوە نەکردووە کەئەم ناوە ناوێکی ترسناکەو پێویستە لەناو ببرێ.

ئێســـتا وشەی کوردســـتان لەئێران و عێراقـــدا هیچ مۆرکێکی ترســـێنەری پێوە نەماوە. نۆرە هاتۆتە ســـەر ئەوانی تـــر کەپێویســـتە واقیعییانە ســـەیری گۆڕانکارییەکانی سەردەم بکەن.

# دەستووری هەمیشەیی عێراق سەرچاوەی مافەکانی کوردە

بەم دواییە، ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکی باراك ئۆباما، بەشێوەیەکی بەرچاوو زیاتر لەجارێك، دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ڕێز لەدەستووری عێراق دەگرێت و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە دەدات. ئەمە لەو بەیاننامەیەی کۆشکی سپی دا هاتبوو کە بەر لە مانگێك لە ئاست پەیوەندییەکانی هەولێرو بەغدا بڵاو کرایەوە. هەروەها لە قسەو ڕاگەیاندنەکانی سەرۆك ئۆباما دەرکەوت، چ لە دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکەو چ لە کاتی پێشوازیکردنی جەنابی سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی لە کۆشکی سپی. ئینجا لەوەشدا بەدیارکەوت کاتێك هەر دوو وەزیری دەرەوەو بەرگریی ئەمەریکی هیلاری کلینتۆن و ڕۆبەرت گیتس دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە واشنتۆن پابەندە بە یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانیان لەسەر بنەمای دەستوور.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم هەڵوێستەی ئیدارەی ئۆباما لە بەرامبەر دەستووری عێراق، خۆی لە خۆیدا، چاکترین پشتگیرییە نەك تەنیا بۆ مەسەلەی بنیات نان و پەرەپێدانی بونیادی دیموکراسی لە عێراقی تازەدا، بەڵکو بۆ مەسەلە سیاسییە ڕەواکەی کوردیش لە ناو دەوڵەتی عێراقدا. بۆیە، هەر کاتێك گوێمان لە هەڵوێستێکی لەو بابەتە دەبێت، جا چ لە ئەمەریکاوە دەربچێت، یان لە هەر دەوڵەت و لایەنێکی دیکەوە، ئەوا پێویستە کورد، بە شێوەیەکی گشتی، بەو هەڵوێستە دڵخۆش بێت و بە هەڵوێستێکی دۆستانەی لە قەڵەم بدات و وای لێك بداتەوە کە هەڵوێستەکە بۆ پشتگیریکردن و داکۆکی کردنە لە مافە ڕەواکانی لە ناو دەوڵەتی عێراقدا.

لە ڕاستیدا، کورد دەسکەوتی زۆرە لە عێراقی تازەدا، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە گەورەترین ئەو دەستکەوتانە دەستووری هەمیشەیی عێراقە. هۆکارە سەرەکییەکەی ئەو مەسەلەیەش ئەوەیە کە دەستووری هەمیشەیی لەلایەك زەمانەتی دیموکراسییە لە عێراق و لە لایەکی دیکە زۆربەی هەرە زۆری مافە نەتەوەییەکانی کوردی تێدا نەك تەنیا بەدیکۆمێنت کراوی، بگرە بە ئامادەکردنیشی بۆ جێبە جێکردن. ڕاستە جار جار، لەم ماددەو ئەو ماددەیەی دەستووری هەمیشەیی کەموکورتییەکی بەرچاو یان غەیرە بەرچاو هەیە. ڕاستە لە هەندێك بوارو برگەدا، مافەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و بە پێی ویست و ئارەزووی کورد نەنووسراوەتەوە. ڕاستە سەروسیمای دەستوورەکە و ناوەڕۆکەکەی زۆرتر بۆ عێراق و بەهێزکردنی دەوڵەتەکەی تەرخان کراوە. بەڵام، دەبێت ئەو ڕاستییەش لەبەر چاو بگرین کە میکانیزمەکانی پرۆسەی دیموکراسی زامنی ئەوەیە لە دواڕۆژدا کەموکورتییەکان لە ڕێگەی دوو شێوازەوە چارەسەر بکرێن: یەکەم، لە ڕێگەی پرۆسەی گەشەپێدانی دیموکراسی و بەهێزترکردنی دەقەکانی دەستوور لەماوەی داهاتوودا. دووەم، بەلەبەر چاو گرتنی ئەو ڕاستییەی کە پرۆسەی دیموکراسی لە ناو دەوڵەتێکی فرەنەتەوەو فرە مەزهەبی وەکو عێراق، زۆر جار پێویستیی بەوە هەیە کە دەستوورو دەوڵەت لە سەر بنەمای تەنازولات و سازشی سیاسیی هاوبەش دابمەزرێن.

بە هەر حاڵ، لە ماوەی هەشتا نەوت ساڵی ڕابردوودا، میللەتی کورد زۆر جار دەرفەتی ئەوەی بۆ هاتۆتە پێش کە ڕێگە چارەیەك بۆ کێشە سیاسییەکەی خۆی لەگەڵ بەغدا بدۆزێتەوە، بەڵام



**سامی شۆڕش**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ڕێگە چارەکە زۆری نەدەبرد خڵتانی خوێن دەبوو. هۆکارەکە سەرەکییەکەیش، لەو بوارەدا ئەوە بوو کە ڕێگە چارەکە هەر بە دەقێکی سیاسی دەمایەوەو نەدەچووە ناو دەستوورو یاساوە. مانەوەی ڕێگە چارەکە لە دەرەوەی دەقەکانی دەستوور وای دەکرد بڕیارە سەرەکییەکەی چارنووسی ئەو ڕێگە چارەیە بە دەست حکومەتەکانی عێراقەوە بێت نەك بە دەست دەستوورو دامودەزگا دیموکراسییەکان. هەر بۆیەش ئەو حکومەتانە بەئارەزووی بەرژەوەندییە ڕەگەزپەرستی و دیکتاتۆریانەکەی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردوو هەر کاتێك بیاندیایە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ تێك و پێك دانی مافەکانی کوردو شوێن بزرکردنی ڕێگە چارەی ئاشتیانەی کێشەکەیەتی، ئەوا بێ سێ و دوو، ڕوویان لە ئینکارکردنی مافەکان دەکردو سەر لە نوێ شەڕی لە دژ کورد بەرپا دەکرد.

ئەمڕۆ، یان وردتر لەوەتەی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ئەنجامی شەڕی ئازادیی عێراق ڕووخاوەو پرۆسەیەکی سیاسیی تازە بۆ دروست کردنەوەی عێراق هاتۆتە گۆڕێ، لە ساڵی

بە سەرەوە، ئەوا سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، بە پەلەو بەو پەڕی حەماس و دڵگەرمییەوە رووی لەوە کرد کە داواکاری نووسینەوەی دەستوورێکی هەمیشەیی بێت بۆ عێراق. مەبەست لەو داواکارییە دوو شت بوو: یەکەم، عێراقی دیموکراسی بە بێ دەستوورێکی هەمیشەیی دانامەزرێت. دووەم، مافە نەتەوەییەکانی کورد بەردەوام لەبەردەم مەترسیی هەڵوەشانەوەدا دەبن ئەگەر جێگەیان لە ناو دەستوورە هەمیشەییەکەدا بۆ نەکرێتەوە. لێرەوە، کاتێك، ساڵی ٢٠٠٥، دەرفەتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی لە عێراق هاتە پێش، بێ هیچ دوو دڵی و ڕاڕایی کردنێك، سەرکردایەتی کورد درێغیی لە بەشداریکردن لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور نەکرد. دواتر نەك تەنیا جێ پەنجەی کورد لەو دەستوورەدا بە ئاشکرا بە دەرکەوت، بگرە رۆڵی کورد لە عێراقی تازەشدا لەو ڕێگەیەوە زۆر کاریگەرو گەورە بوو.

مەعلوومە، کە دەستوور لە هەر وڵاتێکدا ڕێکخەری ژیانی سیاسی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیداریی ئەو دەوڵەتەیە. بە بێ دەستوور، دەوڵەت وەکو کەشتییەکی بێ کەشتیوان وایە. بۆیە دەگوترێت سەرچاوەی یاساو دەسەڵات لە ناو هەر دەوڵەتێکدا دەستووری هەمیشەییە. دیکتاتۆرییەت هەمیشە سەرچاوەی هێزو هۆی تاوسەندنی دەسەڵاتەکانی خۆی، چ لە عێراق و چ لە دەوڵەتانی دیکەدا، لەوەدا دۆزیوەتەوە کە دەستووری هەمیشەیی بسڕێتەوەو باز بە سەر یاسادا بدات. هەر کاتێکیش میللەتان ویستبێتیان ڕێگە لە دیکتاتۆریەت و دەسەڵاتە رەهاکانی بگرن و زەمینە لەبەردەم دیموکراسی و فرەخوازیدا خۆش بکەن ئەوا زوو روویان لە ژیاندنەوەی دەستوورێکی هەمیشەیی کردۆتەوە. ئەمڕۆ لە عێراقدا، هەوڵ زۆرە بۆ ئەوەی رۆڵی دەستوور کەم بکرێتەوە. بێگومان یەك لە مەبەستە گەورەکانی ئەو هەوڵە رەشانە ئەوەیە کە زەمینە خۆش بکرێت بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت لەلایەك و بازدان بەسەر مافە دەستوورییەکانی کورد لە لایەکی دیکەوە.

هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە، زۆر جار دەگوترێت ئەگەر دەستوور پێشێل بکرێت و ڕێگە لە جێبەجێکردنی بەندەکانی بگیرێت، ئەوا مانای وایە، ڕێگە خۆش دەکرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی عێراق لەبار یەك هەڵبوەشێتەوە. یەك لە زەمانەتە هەرە گەورەکانی مانەوەی دەوڵەتی عێراق بە یەك پارچەیی دەستوورە. هۆکارەکەیش ئەوەیە کە دەستووری هەمیشەیی سەرچاوەی نەك تەنیا دەسەڵات و یاسایە، بەڵکو سەرچاوەی دیموکراسیشە. بەبێ ئەو دەستوورە، یان بە بێ جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە، دەوڵەتی عێراق تووشی هەڵوەشانەوەو لە بار یەك چوون دەبێت، چونکە ئەوەی پێکهاتەو حزب و لایەنە جیاوازەکانی دەوڵەتی عێراق بە یەکدی دەبەستێتەوە دەستوورە.

بێجکە لەو هەموو رۆڵە گەورەیە، دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ کورد قازانجێکی زۆر گەورەی دیکەیشی تێدایە کە ئەویش ئەوەیە دەستوور ڕێگە چارەی بۆ چەندین کێشەی گرنگی نەتەوەیی کورد دارشتووە. کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان و فایلی نەوت و غاز و پێشمەرگەو بودجەو تایبەتمەندێتیی کوردستان و فیدرالیەت و ئاسایشی نەتەوەیی بەشێکی گرنگی ئەو مافە نەتەوەییانەن کە لە دەقی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا نەك تەنیا دانیان پیا نراوە، بەڵکو ڕێگە چارەشیان بۆ دەست نیشان کراوە. ئەمانە دەسکەوتی گەورەن. پارێزگاری لێیان ماناکەی لەوەدایە کە پێویستە پارێزگاری لە دەستووری هەمیشەیی عێراق بکرێت.


کاتی خۆی جەنابی سەرۆك، زۆر بە روون و ئاشکرایی ئەوەی خستەروو کە شەڕی داهاتووی کورد لە ناو عێراقدا شەڕی دەستوورە. مەبەستە سەرەکییەکەی شەڕی دەستوور ئەوەیە کە ئەگەر کورد بیەوێت لە ناو دەوڵەتی عێراقدا بە مافە نەتەوەییەکانی شاد بێت ئەوا پێویستە، بێ یەك و دوو، خەبات بۆ جێبەجێ کردنی دەستوور بکات. جێبەجێ بوونی بڕگەکانی دەستووری عێراق، یان پابەند بوون بە ماددەو بڕگەکانی مانای پابەندبوونە بەبەرجەستەکردنی مافەکانی کورد. بگرە، مەسەلەکە وایلێهاتووە ئەگەر راستەوخۆ باسیش لە مافی کورد نەکەیت لە عێراق، بەڵکو تەنیا کار بۆ جێبەجێکردنی ماددەکانی ناو دەستووری هەمیشەیی بکەیت، ئەوا مانای وایە ڕێگەیەکی زۆر یاسایی و زۆر دەستووریت هەڵبژاردووە بۆ دوو شت: بۆ جێبەجێ بوونی مافەکانی کورد و بۆ جێبەجێبوونی دیموکراسی لە عێراق.

لێرەوە، کاتێك ئەمەریکا دێت و جەغت لەسەر جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکاتەوە، یان بەڵێنی ئەوە دەدات کە یارمەتیدەر بێت لەوەی عێراقییەکان بتوانن کێشەکانی خۆیان لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکەن، ئەوا ڕێك بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیەوێت پێمان بڵێت کە یارمەتیدەر دەبێت لە جێبەجێ کردنی مافە دەستوورییەکانی کورد. یارمەتیدەر دەبێت لەوەی زمانێکی هاوبەشی دەستووری بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی هەولێرو بەغدا لەو ڕێگەیەوە هەموو فایلە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. ئەمەش مانا راستەوخۆکەی ئەوەیە کە گەورەترین هێز بۆ وەگەڕ حستنی میکانیزمەکانی ناو دەستووری هەمیشەیی مسۆگەر کراوەو ئیتر لەمەودوا رەنگە زۆر لە جاران ئاسانتر، بگرە لە ڕێگەی میکانیزمەکانی دیموکراسی و یاسا، کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا چارەسەر بکرێن. بە کورتی بۆ ئەوەی دەوڵەتێك بیەوێت دۆستایەتی خۆی بۆ کورد تەئکید بکات، ئەوا ئەوە هەر بەوە ناکرێت دەوڵەتەکە راستەوخۆ بێت باس لە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقدا بکات، بەڵکو بەوەش دەکرێت کە بێت بە ئاشکراو پابەندبوونی خۆی بەجێبە جێ بوونی دەستووری عێراقەوە رابگەیەنێت و لەو بوارەشدا یارمەتیدەر بێت و تەگەرە دروست نەکات.

واشنتۆن پابەندە بە یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانیان

دەستوور لە هەر وڵاتێکدا ڕێکخەری ژیانی سیاسی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیداریی ئەو دەوڵەتەیە

# عێراق لە کەشوهەوایەکی سیاسیی نالەبارەوە بەرەو هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری



# شەهید شەوکەت شێخ یەزدین مرۆڤێکی بێ وێنە

زۆرن ئەوانەی لە بیرمان ناچنەوە، ئەوانەی لە تەنیشتمان دەژین و کتوپڕ بێ ماڵئاوایی لێمان ون دەبن، ئەوانە چ کەسوکار بن چ ئەندامی بنەماڵە یان هاوڕێ و هەڤاڵی خەبات، ئەوانە کە لێمان وون دەبن و ئیتر بەچاو نایانبینینەوە وەنەبێ ئیتر تەواو بووبن و لە ژیانی ئێمەدا سڕابنەوە. نەخێر ئەوانە هەر لەگەڵماندا دەژین.

باری ئەوانەی لە ناخماندا دەژین زۆر گرانترە لەباری ئەوانەی لە تەنیشتماندا دەژین. ئەوانەی ڕۆژانە لەگەڵماندا هەڵسوکەوت دەکەن، لەگەڵماندا رادەبن و روودەنێن، لەگەڵیاندا خۆشی و شادی بەش دەکەین، کەمتر ئازارمان دەدەن لەوانەی وەکو دار و دەوەن، وەك گژوگیا، وەکو گوڵ لەناو هزر و دڵماندا ڕەگ دادەکوتن و لێمان جیا نابنەوە. ئەمانە ئەو کەسانەن کە لە ژیاندا خۆشمان ویستن و لەگەڵیاندا بووین بەیەك شت، ئەمانە کە کتوپڕ لێمان وون دەبن ئیتر بەجەستە وون دەبن، بەڵام بەخەیاڵ و بەهۆش بەهزر و بەوێنە، لە ناخماندا خۆیان جێگیر دەکەن.

ئەمانە تەمەنمان لەگەڵدا بەش دەکەن. لە کاتی خەم و پەژارەکانماندا زیندوو دەبنەوە، لەگەڵماندا پێ دەکەنن. بۆ من هاوڕێ و هەڤاڵ و برا و سەرکردە "شەهید شەوکەت شێخ یەزدین" لەو جۆرە کەسانەیە کە دوای شەهیدبوونی لە کارەساتە بێ وێنەکەی (١)ی شوباتی ٢٠٠٤دا، ئیتر یەك چرکەش لێم جیا نەبووەتەوە. بەڕۆژ لەگەڵمدایە و لە ناخمدا خۆی دەنوێنێ، لە خەویشدا وەکو جاران وێنەو دیمەنە گەش و زەردەخەنە پڕ لە بەختەوەرییەکەی هەموو شتێکم لە بیر دەباتەوە.

ئەمانە مرۆڤی بێ وێنەن، نەك تەنیا بۆ من بێ وێنەن، بگرە بۆ هەزار و دەیان هەزاری تریش بێ وێنەن کە ڕەنگە لە ژیانیاندا بۆ ساتەوەختێکی کەم بەدیداری یەکتر گەیشتبن. ئەمانە ئەو مرۆڤانەن کە خاوەنی پەیامن لە ژیاندا، پەیامی پیرۆز، پەیامی مرۆڤانە. خاوەنی پرەنسیپ و بیروباوەڕ و ڕێبازی ئاشکرا و مایەی شانازین.


ئەو لەبەرئەوەی لە باوەشی کارەسات و لێقەوماوییەکان چاوی کردبووەوە، لەبەرئەوەی لە قوتابخانەی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم فێر بووبوو، لە زانستگەی نسکۆ و کەوتن و هەڵسانەوە و رابووندا خۆی ناسیبوو، ئیتر کە هاتە سەر دەسکەوتی خەبات و چنینەوەی بەرهەمی تێکۆشان، خۆی لێ نەگۆڕا.

شەهید شەوکەت لەوانە نەبوو هاتبێتە سەر دەسکەوتی ئامادە، نەخێر ئەو بۆ خۆی بەشێك بوو لە ڕەنج و ماندووبووونی گەلەکەی و کاروانە نەپساوەکەی بارزانی، بۆیەش کە خەباتەکە بەسەرکەوت، ئەو بەهەمان گیانی جارانی شۆڕشگێڕییەوە مایەوە و درێژەی بەکاری ڕۆژانەی خۆی دا. گۆڕانەکە تەنیا هەر ئەمە بوو، لە جیاتی چەکی خەبات، بێڵی ئاوەدانکردنەوەی خستە سەرشان، لە جیاتی فرمێسك و خەمەکانی لێقەوماوی، زەردەخەنەی سەرکەوتن لە ڕوویدا گەشایەوە. ئەمە نموونەیە لەو مرۆڤە ڕەسەنانەی کە خەباتی گەلان دەیانهێنێتە بەرهەم. نموونەیەکە لە قوتابییانی داهێنەری ڕێبازی بارزانی، ئەو قوتابخانەیەی کە زیاتر لە سەد ساڵە مرۆڤی بێ وێنە دەدات بەگەلەکەی.

شەهید شەوکەت شێخ یەزدین، لە منداڵییەوە تا ئەو ڕۆژەی کە دەستی تیرۆر زەفەری پێ برد و لەگەڵ چەپکە گوڵێکی ئەم گەلەدا، لە ڕۆژێکی جەژن و شادی، هەموویان ژاکان و وەرینە ناو ئاخ و گڵی کوردستان، بەدڵسۆزی بۆ ئەو ڕێبازە ژیا و خەباتی کرد. بۆ یەك چرکەش چییە لێی دوور نەکەوتەوە. وەك کوڕێکی بەوەفا و گیان لەسەردەست و بوێر گۆڕەپانی بەجێ نەهێشت. تا دوا چرکەی ژیانیش خۆی لە بچووکترین ئەرك نەدزییەوە. ئەمەشی بۆ دیمەن و وێنە و خۆنواندن نەکرد، بگرە لە ناخەوە، خۆی بوو بوو بەبەشێك لەو ژیانە و لە دەرەوەی ئەو ژیانەدا شتێکی تری نەدەبینی.

بێگومان شەهید شەوکەت شێخ یەزدین جگە لەوەی قوتابییەکی دڵسۆز و هێژای قوتابخانەی بارزانیی نەمر بوو، لە هەمان کاتیشدا پێشمەرگەی بەردەستی کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو و سەرکردەی گەل و نیشتمان سەرۆك مەسعوود بارزانی بوو. لەوانەوە دەرسی تێکۆشانی وەرگرتبوو، فێر بووبوو شەو و ڕۆژ بخاتە سەریەك بۆ ئەوەی هیچ بەرنامەیەکی ئەمڕۆ دوانەکەوێ بۆ بەیانی. فێر بووبوو بەدەنگ داخوازییەکانی پێشمەرگە و خەباتکاران و ماڵباتی شەهیدان و هەژاران و لێقەوماوانی ئەم گەلەوە بچێ و هیچیان پشتگوێ نەخات.

ڕۆژ نییە هەندێك لەو کەسانەی کە شەهید شەوکەت بەنوێنەرایەتیی کاك ئیدریس و جەنابی سەرۆك و کاك نێچیرڤان بارزانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارتییەوە بەفریایان گەیشتووە، ئەو بیرەوەرییە نەمرانە نەیەتەوە یادیان و بەردەوامیش کە چاویان بەیەکتر یان کە چاویان بەئێمە دەکەوێ، ئاخ هەڵدەکێشن و تنۆکێك فرمێسکی ڕاستەقینە دەزێتە سەر گلێنەی چاویان.



محەمەد شێخ یەزدین

بۆیە لە سەرەتاوە ئەم وتارەم ناو نا مرۆڤی بێ وێنە لەبەرئەوەی شەهید شەوکەت بەڕاستی مرۆڤێکی بێ وێنە بوو، لە ڕێبازێکی بێ وێنەدا پێ گەیشتبوو کە ڕێبازی بارزانیی نەمرە. لەبەردەستی سەرکردەی بێ وێنەدا لە خەباتدا قاڵ بووبووەوە کە کاك ئیدریس و جەنابی سەرۆك و کاك نێچیرڤان بوون، تا لە ئەنجامدا خۆشی بووبوو بەسەرکردەیەکی بێ وێنە لەم کاروانەدا.

بەچۆڵبوونی جێی ئەم سەرکردەیەش، بەتاڵییەك دروست بوو، شوێنەکەی ڕۆژانە دەکەوێتە بەرچاومان. ئەمە گرینگ نییە، مرۆڤ ڕۆژێك دێ ژیان بەجێ دەهێڵێ، بەتایبەتی خەباتکاران هەموو چرکەیەك ئامادەن بۆ ئەوەی گیان و ژیان پێشکەش بەخەڵکانی تر بکەن، ئەوە گرینگە ئەمانە چ جێ پەنجەیەك بەجێ دەهێڵن.

ئەم جێ پەنجەیەش کە باس دەکەم، ئەوەندە دیار و بەرچاوە، خەمەکانی دووری و دوورکەوتنەوەش هێندە بەئازار و سۆیە، هەموویان بووونەتە بەبارێکی گەورەی ناخم. ڕۆژانە تەمەنم لەگەڵدا بەش دەکەن. دەمتوێننەوە. هەندێك جار وام لێ دەکات دەبم بەدڵۆپێك دەبم بەتنۆکێك، ئەمەش هەر لەبەر برایەتی نییە. بێگومان بن براش لە بیر دەچێتەوە، بەڵام مامۆستا و ڕێ پێشاندەر و خەمخۆر و دڵسۆز هەرگیز لە بیرمان ناچنەوە.

شەهید شەوکەت مرۆڤێکی بێ وێنە بوو، بۆیەش خەم و پەژارەکانیش هەموویان بێ وێنەن. بەداخەوە مرۆڤ ناتوانێ هەموو شتەکانی دەربڕێ و وشە ناتوانێ ئەم هەستانە بەتەواوی بەرجەستە بکات.

شەهید شەوکەت لەوانە نەبوو هاتبێتە سەر دەسکەوتی ئامادە، نەخێر ئەو بۆ خۆی بەشێك بوو لە ڕەنج و ماندووبووونی گەلەکەی و کاروانە نەپساوەکەی بارزانی



هەڵبژاردنەکانی عێراق کە هێشتا هەڵمەتەکانی دەستی پێنەکردووە، تەنها عێراقییەکانی سەرقاڵ نەکردووە، بەڵکو ڕووداوێکە هەموو جیهان چاودێری دەکات و ڕۆژانە بۆتە تایتڵی سەرەکی هەموو میدیا جیهانییەکان و بە یەکێك لە هەواڵە گەرمەکانی جیهان لەقەڵەم دەدرێت، تەنانەت کارەساتێکی گەورەی وەك بومەلەرزەکەی هایتی کە تیایدا نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەس بوونە قوربانی و بە ملیۆنەها کەس سەرگەردان و ماڵوێران بوون، نەیتوانی جێگەی هەواڵە ڕۆژانەییەکانی عێراق لە میدیاکانی جیهاندا بگرێتەوە، ئەم حاڵەتە ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت هەڵبژاردنەکانی عێراق تەنها ڕووداوێك یان پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئاسایی نییە تایبەت بە عێراق بێت، بەڵکو چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە و ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە بە سلبی و بە ئیجابی کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەوتۆی دەبێت کە کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ئیقلیمی و جیهان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە ئەم ڕاپۆرتە تەنها خوێندنەوەیەك نییە بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بەڵکو بۆ خستەڕووی ئەو دەرهاویشتانەیە کە بەهەردوو لایەنی سلبی و ئیجابی ڕەنگدانەوەی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان دەبێت.

**هەڵبژاردنەکانی عێراق تەنها ڕووداوێک یان پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئاسایی نییە تایبەت بە عێراق**

## هەڵبژاردنەکانی عێراق وەک ڕووداوێکی ئیقلمی و کاریگەری لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی

کاتێك بەپێی ماددەی ٧ی دەستووری عێراق هەندێك کاندید لە پرۆسەی هەڵبژاردن دوورخرانەوە، میدیاکانی ڕۆژئاوا ئەم بڕیارەیان بە کۆتایی هاتنی دیموکراتی لە عێراق پیشانی جیهاندا، وەك زەنگێکی ترسناك بۆ گەڕانەوەی عێراق بۆ ناو بازنەی توندوتیژی و دووبارە هەڵایسانەوەی شەڕی ناوخۆ ئاماژە پێکرد، هەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەم بڕیارە بوو، جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمەریکای لەناکاو لە واشنتۆنەوە بەرەو بەغدا و بەبێ ئاگاداری پێشوەختە گەیاندە بەغداو لەگەڵ هەر چوار سەرۆکایەتییەکەی عێراق (سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی دەسەڵاتی دادوەری) کۆبووەوە، دوای کۆبوونەوەکە جۆزیف بایدن بە میدیاکانی ڕاگەیاند ئەوە پرسێکی عێراقییە و عێراقییەکان خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن و ئەمەریکا دەستێوەردان لە کاروباری عێراق ناکات.

ئەگەر بەوردی سەیری تایتڵی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا و سەردانە لەناکاو و کوتپڕەکەی بایدن بۆ بەغدا و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرۆکایەتییەکانی عێراق بکەین، لەگەڵ لێدوانەکانی لەبەردەم میدیاکاندا بەراوردیان بکەین، ئەوکات بۆ مان دەردەکەوێت کە بەهیچ جۆرێك ڕووداوەکانی عێراق، ڕووداوێکی ناوخۆیی تایبەت بە عێراق نییە و عێراق دۆسییەکی واڵایە و زۆر لایەن ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستی تێوەردەدات و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی سەیری دۆسیەی عێراق دەکات، ئەگەر بەوجۆرە نییە، بۆچی بڕیارێکی عێراقی بە دوورخستنەوەی ژمارەیەك کاندید لە هەڵبژاردنەکان بەو جۆرە ئیدارەی ئەمەریکا دەهەژێنێت و بایدن لە واشنتۆنەوە بەرەو بەغدا دێنێ، ئەم بەدواداچوونە بەرگری کردن نییە لە بڕیارەکەی عێراق کە پشتی بە ماددەی ٧ی دەستووری عێراق بەستووە، لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارە کۆمەڵێك خەڵکی موستەهەقی تێکەڵاوی کۆمەڵێك خەڵکی دیکە کردووە کە موستەهەقی ئەو بڕیارە نین، بەڵام نەرمی نواندی لایەك و توندکردنی هەندێك لایەنی دیکە، ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا بە بارێکی هێندە نالەبار و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، کە زۆر دەگاتە ئەو ئاستەی بتەقێتەوە و نەتوانرێت ڕێگەی پێبگیرێت، تەنانەت ئیدارەی ئەمەریکاش ئەگەر زوو فریای نەکەوێت و هەموو کارتەکانی دەستی خۆی بۆ گوشار خستنە سەر لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان نەخاتە گەڕ، ئەوا مەسەلەکە لەدەست دەردەچێت و ڕەنگدانەوەیەکی سلبی گەورەتری لەسەر ئاستی سیاسەتی جیهانی دروست دەکات.

## لایەنە سیاسییەکانی عێراق نیازی ڕێکەوتن و کۆمپرۆمایزیان نییە

لەساڵی ٢٠٠٦ دوای تەقینەوەی مەزاری ئەلعەسکەرییە لە سامەرا و تیرۆرکردنی کچە ڕۆژنامەنووسی عێراقی پەیامنێری کەناڵی (العربیە) ئەتوار بەهجەت، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لەکاتی ئەنجامدانی دیمانە ڕۆژنامەوانییەکانی هەفتانەمان لەگەڵ پسپۆر و چاودێر و ڕۆژنامەنووسە جیهانییەکان لەسەر ئەو پرسە ترسناکە، زۆر لەوانە پێیان دەگوتین ئەگەر عێراقییەکان لەناو خۆیان ڕێکنەکەون و چارەسەری کێشە سیاسییەکانی خۆیان نەکەن، ئەوا ئەمەریکا چۆن سۆماڵی بەجێهێشت، بەوجۆرە عێراقیش بەجێدەهێڵێت، ئەوکات ئێمە بەو زانیارییە سادەی کە هەمانبوو پێمان دەگوتن عێراق بە سۆماڵ بەراورد ناکرێت، ئەمەریکا دەتوانێت دەستبەرداری سۆماڵ ببێت، بەڵام ناتوانێت دەستبەرداری عێراق بێت، بەڵام ئەوان پێیان دەگوتین



کە کار گەیشتە ئەو ئاستە، ئەمەریکا چیدیکە لە عێراقدا نامێنێتەوە، بەڵام ڕووداوەکانی دواتر دەریانخست کە عێراق نەك لە سۆماڵ جیاوازە، بەڵکو حاڵەتێکی تایبەتییە و بە ڤێتنامیش بەراورد ناکرێت، ئەمەریکا لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بڕیاری کشانەوەی لە ڤێتنام داو ڕایگەیاند شەڕەکەی دۆڕاند، بەڵام دۆڕاندنی ئەوکات لەگەڵ دۆڕاندنی ئێستا بەراورد ناکرێت، لەبەر ئەوەی ئەوکات دۆڕاندن و بردنەوە لە نێوان دوو بلۆکی گەورەدا بوو کە بە دوو شێوازی جیاواز کێبڕکێیان بوو بۆ سەپاندنی شێوازی حکومڕانی خۆیان لە جیهاندا، بۆیە کاتێك ئەمەریکا لە ڤێتنام کشایەوە و چووە پاڵ بلۆکی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، نەبووە هەڕەشە بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و لەدوای کشانەوەی ئەمەریکا بۆ ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەك ئاشتی و سەقامگیری لەو ناوچەیە هاتە ئاراوە، بەڵام ئێستا ئەگەر ئەمەریکا هەمان بڕیاری هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بدات و وەك چۆن لە ڤێتنام کشایەوە، ئەوا لە عێراقیش بکشێتەوە، پرسیار ئەوەیە بەدیلی ئەمەریکا لە عێراقدا کێ دەبێت، هەروەك چۆن لە جێگەی خۆیدا بڵێین ئایا بەدیلی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان لە ئەفغانستان کێ دەبێت، ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفغانستان، ئەفغانستان بووە دەوڵەتێکی دیموکراتی، یان بووە پەناگەی تیرۆر و تیرۆریستان و هەڕەشە بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی هەموو جیهان، ئێستاش بۆ عێراق بەهەمان شێوەیە ئەگەر پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا شکست بهێنێت و ئەمەریکا بڕیار بدات عێراق بەجێبهێڵێت، ئەوا پرسیارە دووبارەکە ئەوەیە کێ جێگەی ئەمەریکا لە عێراقدا دەگرێتەوە؟ زۆربەی چاودێران کە بەشێوەیەك لە شێوەیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن عێراقییەکان خۆیان دەتوانن ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوەو وڵاتی خۆیان بەڕێوەبەرن، بەڵام گرفتی سەرەکی لەم بۆچوونەدا ئەوەیە عێراقییەکان بەتایبەتی هەردوو لایەنی سوننە و شیعە ئامادەباشی ڕێککەوتنیان تێدا نییە و ئامادەنین لە پێناوی پێکەوە ژیان لە عێراقێکی ئازاد و دیموکراتیدا کۆمپرۆمایز بکەن و جیاوازییەکانیان پێکەوە بگونجێنن، خۆ ئەگەر عێراقییەکان ئەو ئامادەباشییەیان تێدابووایە، دەمێك بوو کۆتایی بە هەموو کێشەکانی عێراق هاتبوو.

## هەڵبژاردنەکان و گۆڕینی نەخشەی سیاسیی عێراق

هەموو مەزندەکانی ناوخۆی عێراق و چاودێرانی بیانیش بەو ئاراستەیەن ئەگەر ئەم پرۆسەیە سەرکەتوو بێت، نەخشەی سیاسیی لە عێراقدا دەگۆڕێت و پێناچێت ئاستی هاوپەیمانی لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا گۆڕانی گەورەی بەسەردا بێت، بەڵام ئەگەر پرۆسەکە سەرکەتوو نەبێت ئەوا پرۆسەی توندوتیژی و هەڵایسانەوەی شەڕی ناوخۆ لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق دەست پێدەکاتەوە، ئەم مەزندەیە بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و ڕۆژانی پێش هەڵبژاردن بە ئاستێکی جیاوازتر ئاماژەی بۆ دەکرێت و زۆر لە چاودێران مەزندەی ئەوە دەکەن هاوکات لەگەڵ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئاستی توندوتیژی و کارە تیرۆریستییەکان ڕوو لە زیادبوون بکەن وەك هەوڵێك بۆ ڕێگرتن لەسەرکەوتنی پرۆسە سیاسییەکە، بۆیە ئەم دووڕییانەی سەرکەوتنی پرۆسەکە و شکستی پرۆسەکە کۆمەڵێك ئەگەر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین:

١- ئەگەر هەڵبژاردنەکان سەرکەتووبن و لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان ئاژاوە دروست نەبێت، ئەوا وەك ئاماژەی پێدەکرێت ئەمەریکا هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ کە بەزووترین کات بە لەبەر چاو گرتنی ئیستحقاقی هەڵبژاردن و بە بەشداری لایەنە سەرەکییەکانی عێراق، حکومەتی تازەی عێراق پێکبهێنێت.

٢- ئەم هەنگاوە دەبێتە دەروازەیەك بۆ ئەوەی ئەمەریکا گوشاری خۆی زیاتر بەکاربهێنێت بۆئەوەی لایەنە عێراقییەکان بگەنە ڕێککەوتن لەسەر ئەو کێشانەی تائێستا نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، بەتایبەتی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر.

٣- ئەم هەنگاوانە دەبنە سەرەتای هاوپەیمانییەکی درێژخایەن لە نێوان حکومەتی بەغدا و واشنتۆن، زەمینەسازی دەبێت بۆ ئەوەی ئەمەریکا بتوانێت هێزەکانی خۆی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ لە عێراقدا بکشێنێتەوە.

٤- ئەگەر پرۆسەکە بەو ئاستە سەرکەتوو نەبوو کە چاوەڕێی دەکەین، یان ئاکامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ نەکرا، ئەوا باری سیاسیی لە عێراقدا تێکدەچێت و بۆشاییەکی ئیداری دروست دەبێت و حکومەتی ئێستای عێراق شەرعییەتی نامێنێت.

٥- کە ئەمە دروستبوو دەرگاکان زیاتر بۆ دەستێوەردانی دەرەکی واڵا دەبن و هەر لایەك دەیەوێت نفوزی خۆی لە عێراقدا زیاتر بکات.

٦- ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە ئەمەریکا دەخاتە دووڕییانێکەوە کە نە دەتوانێت لە عێراقدا بمێنێتەوە، نە دەشتوانێت لە عێراقدا بکشێتەوە.

**ئەگەر ئەم پرۆسەیە سەرکەتوو بێت، نەخشەی سیاسیی لە عێراقدا دەگۆڕێت و پێناچێت ئاستی هاوپەیمانی لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا گۆڕانی گەورەی بەسەردا بێت**

**پرۆفیسۆر ئەندریۆ باسفیچ ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی بۆستن و پسپۆرو تایبەتمەندە لە سیاسەتی سەربازی و دەرەوە و بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکانیشە لە زانکۆی بۆستن، پرۆفیسۆر باسیفیچ لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا یەکێکە لەو پسپۆرانەی کە بایەخێکی گرنگ بەرەوشی سیاسی عێراق و سیاسەتی ئەمریکا لەعێراق و سەبارەت بە رەوشی ئێستای عێراقیش پرۆفیسۆر باسفیچ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



ئەندریۆ باسفیچ بۆ گوڵان:

# لە عێراقدا ململانێیەکی توندوتیژ ڕوودەدات لەسەر ئەوەی چ لایەنێک حکومڕانێتی بکات و کۆنترۆڵی دەسەڵات بکات

*** ئێستا عێراق بەرەوشێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان نزیك دەبێتەوە، ئایا ئێوە چۆن لە ئایندەی عێراق دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا زۆر دژوارە بتوانین پێشبینی بکەین بارودۆخەکە بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات و لەم ڕووەوە نادڵنیاییەکی تەواو هەیە، لە هەمان کاتدا کەسانێکی زۆر هەن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا باوەڕیان وابوو کە تەنها بە جێبەجێکردنی سیاسەتی زیادکردنی هێز لە عێراقدا دەبێت شەڕی عێراق کۆتای پێبێت، ئەمە تیرِوانینێکی زۆر هەڵەیە. پێشبینی من ئەوەیە ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بکشێنەوە ئەوا ئەگەری زۆرە وڵاتەکە ڕووبەڕووی ناسەقامگیرییەکی گەورە ببێتەوە.

*** زۆرێك لە چاودێران هۆکاری هەڵکشانی توندوتیژییەکان بۆ نزیکبوونەی وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەگەڕێننەوە، لەبەر ئەوەی لەم هەڵمەتەدا سوونە و شیعەکان ململانێ و ناکۆکییان لە نێواندا دروست دەبێت بەهۆی هەوڵی کۆکردنەوەی دەنگ و ڕاکێشانی دەنگدەران بەلای خۆیاندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر هەڵمەتی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی یەکتر بێت ئایا هەڵبژاردنەکان چ بەرهەمێکیان دەبێت، یاخود ئایا سەرکەوتوو دەبن یاخود نا؟**

- من نازانم سەرکەوتوو دەبن یان نا، بەڵام دووبارەبوونەوەی ئەو کردەوە گەورە توندوتیژانە لە عێراقدا ئاماژەن بە زیندوویەتی بزوتنەوەی

یاخیبوون لە وڵاتەکەدا. من باوەڕم وایە بە چاوپۆشین لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوا یاخیبووەکان هەوڵی دروستکردنی ناسەقامگیری و لاوازکردنی ئەو حکومەتە دەدەن کە لە سەروبەندی داگیرکاری ئەمەریکادا دروست بوو.

*** ئەوە ئاشکرایە کە ئەمەریکا چاوەڕوانێکی زۆری هەیە لەم هەڵبژاردنانەی بڕیارە لە عێراقدا ئەنجامبدرێن، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەم هەڵبژاردنانە نەبوونەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکان و هێنانەدی سەقامگیری، ئایا ئەمەریکا پێداگیری لەسەر کشاندنەوەی هێزەکانی دەکات لە عێراقدا؟**

- بەڵێ، لەبەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتدا بڕیاری شەڕی عێراق بڕیارێکی مشتومڕ هەڵگر بوو لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، واتە بیروبۆچونی جیاواز و دابەشبوون هەبوو لە نێو کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا لەبارەی ڕەوایەتی و پێویستی شەڕەکەوە، بەڵام حاڵی حازر نزیکەی هەموو ئەمەریکییەکان لە خاڵێکدا هاوبەشن، ئەویش بریتییە لە پێویستی کۆتای هێنان بە شەڕی عێراق، لەبەر ئەوەی بە چاوپۆشین لەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان چۆن دەبێت و هەلومەرجی سەر ئەرزی واقیع لە عێراقدا چۆن دەبێت، ئەوا ئیدارەی ئۆباما لە ژێر فشارێکی بەهێزدا دەبێت بۆ بەردەوامیدان بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا.

*** ئێمە دەزانین شیعە و سوننەکان ناتوانن پێکەوەبژین و لە ڕاستیدا بوونی ئەمەریکا هۆکاری ئەوەیە عێراق بە یەکگرتوویی ماوەتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بکشێنەوە ئایا پێشبینی دابەش بوون و پارچە پارچەبوونی عێراق دەکرێت؟**

- پێشبینیکردنی ئەم دەرئەنجام و دەرهاویشتەیە کارێکی زەحمەتە، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە دامەزراوە سیاسییەکانی عێراق خاوەنی توانایەکی زۆر کەمن، یاخود خاوەنی توانایەکی زۆر سنوردارن و لە ڕاستیدا ڕوون نییە تا ڕاددەیەك شەرعیەتیان هەیە، سەرەڕای ئەوەش من پێشبینی دابەشبوونی عێراق ناکەم، بەڵام پێم وایە ململانێیەکی توندوتیژ ڕوودەدات لەسەر ئەوەی چ لایەنێك حکومڕانێتی بکات و کۆنترۆڵی دەسەڵات بکات.

*** یەکێك لە باڵەکانی شیعە بە تایبەتی لایەنی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بە سەرۆکایەتی ئەل حەکیم مامەڵەیەکی نەرمتر لەگەڵ پرسی گەڕانەوەی بەعسییەکان دەکات، لە کاتێکدا ڕەوتی سەدر زۆر بە زەقی گەڕانەوەی بەعسییەکان ڕەتدەکاتەوە. بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوا شیعەکان ئەم پرسە بەکاردەهێنن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوننەکان، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە شیعە و سوننەکان هەرگیز ناتوانن پێکەوەبژین، پرسیارەکە ئەوەیە لەم حاڵەتەدا بەدیل و ڕێگاچارەی دیکە چین بۆ ئەوەی عێراقییەکان بیانگرینەبەر؟**

- من لەم خاڵەدا هاوڕانیم لەگەڵتاندا کە باس لەوە دەکات هەرگیز شیعە سوننەکان ناتوانن پێکەوەبژین، من پێم وایە کێشەی سەرەکی لە عێراقدا بریتییە لە ململانێی بەدەستهێنانی دەسەڵات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم ململانێیە سیاسی دەبێت یاخود توندوتیژی لەخۆدەگرێت، من پێشبینی دەکەم توندوتیژی ڕوودات لەم ڕووەوە، هەروەها من پێشبینی دەکەم لە داهاتوودا عێراق رووبەڕووی ناسەقامگیری سیاسی ببێتەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا عێراق جێدەهێڵن.

*** چۆن بارودۆخی کوردستان دەبینیت؟**

- پێدەچێت کوردەکان گەورەترین براوەی شەڕی عێراق بن و ئەگەر کوردەکانیش خوازیاری پتەوکردنی دەستکەوتەکانیان ئەوا دەبێت فشاری زیاتر نەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەو داواکاریانەی کە سەقفی داواکارییە لۆجیکییە پێشبینیکراوەکان تێدەپەڕێنن. پەنابردن بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی بە هەڵەداچوونە و بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی داواکارییەکی واقیعبینانەیە.

**ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بکشێنەوە ئەوا ئەگەری زۆرە وڵاتەکە رووبەڕووی ناسەقامگیرییەکی گەورە ببێتەوە**

**پێشبینی دابەشبوونی عێراق ناکەم، بەڵام پێم وایە ململانێیەکی توندوتیژ ڕوودەدات لەسەر ئەوەی چ لایەنێک حکومڕانێتی بکات و کۆنترۆڵی دەسەڵات بکات**



**باڵیۆز ئیدوارد گنێم لەماوەی سالانی ٢٠٠١-٢٠٠٤ باڵیۆزی ئەمریکابووە لە ئەردەن و پێشتریش لە ساڵی ١٩٨٩ جێگری یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا بووە بۆکاروباری رۆژهەڵاتی نزیك و باشوری ئاسیا، ئێستاش باڵیۆز گنێم تۆژەرێکی باڵایە لە ئامۆژگای ئیلۆت بۆدیراساتی ستراتیژی و پسپۆروتایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی رۆهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی کەنداوی فارس، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسی عێراق باڵیوز ئیدوارد گنێم بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



**باڵیۆز ئیدوار گنێم بۆ گوڵان:**

# دەبێت شیعە و سوننە بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش بۆ ئەوەی عێراق سەقامگیری بەخۆوە ببینێت

*** چەند ساڵێك پێش ئێستا ناسەقامگیری ئەمنی لە عێراقدا هەبوو، حاڵی حازر هەم ناسەقامگیری ئەمنی و هەم ناسەقامگیری سیاسی لە ئارادایە، بە چەشنێك وڵاتەکە بەرەو کارەسات دەبات، ئەمەش خەڵکی عێراقی نیگەران کردووە، ئایا ئێوە چۆن لە ئایندەی عێراق دەڕوانن؟**

- لەڕاستیدا من گەشبینم، تەنانەت ئەو کاتانەش گەشبین بوومە کە عێراق بە بارودۆخێکی دژوارتردا تێپەڕیوە، لەبەر ئەوەی پێم وایە خەڵکی ئەم وڵاتە زۆر جیددین لە ئاست بایەخپێدان و بەرەوپێشبردنی وڵاتەکەیاندا، چونکە ئەگەرچی جیاوازی و ناکۆکی و کێشەش هەبووە لە نێوانیاندا بەڵام توانیویانە بگەنە بڕیار و ڕێککەوتنێك لە ساتێك لە ساتەکاندا، لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە بارودۆخەکە بەرەو باشتر دەڕوات.

*** واتە بێ پاڵپشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش عێراقییەکان دەتوانن بەردەوامبن لەسەر بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا؟**

- سەرەتا من باوەڕم وایە هاوکاری و پاڵپشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق بەردەوام دەبێت، گۆڕانی بارودۆخی سەربازی ئەمەریکا لە عێراقدا بە مانای کۆتایی هاتنی پشتیوانی ئەمەریکا بۆ عێراق نییە، بەڵکو لە دوای ئەم گۆڕانەوە پەیوەندی باشتر و نوێتر لە نێوان عێراق و ئەمەریکا دروست دەبێت. لە لایەکی دیکەوە من پێم وایە ئەو لایەنانەی بە ڕاستی دەتوانن کێشەکانی وڵاتەکە چارەسەربکەن و ناکۆکییەکان یەکلابکەنەوە خودی عێراقییەکان خۆیانن، کە دەبێت بەردەوام بن لەسەر پێکەوەکارکردن و بڕیاری پێویست بدەن لە بارەی چۆنیەتی گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی بارودۆخی وڵاتەکەیانەوە.

*** ئێمە دەزانن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا عێراقی لە ڕژێمی بەعس ڕزگارکرد، بەڵام ئێستا ئێمە هەوڵەکانی گەڕاندنەوەی کۆنە بەعسییەکان بۆ پرۆسە سیاسییەکە بەدی دەکەین و پێدەچێت ئەمەریکاش زۆر گرنگی بەم پرسە نەدات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەمەریکا کێشەی نییە لە گەڕانەوەی**

**کۆنە بەعسییەکان، بۆچی لە سەرەتاوە ڕژێمی بەعسی رووخاند؟**

- ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە، ئێمە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو بەعسییانەی کە بەشداربوونە لە سەرکوتکردنی عێراقییەکاندا کە پێویستە دادگایی بکرێن و سزابدرێن و دووربخرێنەوە لە پرۆسە سیاسییەکە، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ناچار بوونە ببن بە بەعسی لە پێناو ئەوەی بتوانن مومارەسەی میهنەکەی خۆیان بکەن و درێژە بە ژیان بدەن، بەڵام من پێم وانییە ئەوەی بەم دواییە روویدا باشترین ڕێگابێت بۆ خزمەتکردن بە پرۆسە سیاسییەکە، چونکە بواری سنورداركردن و دوورخستنەوەکە زۆر بەرفراوانکرا، من دووبارەی دەکەمەوە دەبێت ئەو کەسانەی سیاسەتێکی سەرکوتکار و زیانبەخشیان لە دژی عێراقییەکان پیادەکرد لە بەعسییەکان رووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکرێنەوە و نابێت بە هیچ شێوەیەك ببنە بەشێك لە پرۆسە سیاسییەکە، بەڵام نابێت لە هەمان کاتدا ئەم سزایە بەسەر ئەو کەسانەشدا جێبەجێ بکرێت کە ناچاربوونە ببنە بەعسی.

*** ئێمە دەزانین عەرەبە سوننەکان بەرگری لە کۆنە بەعسییەکان دەکەن و پشتگیری لە دووبارە گەڕانەوەیان دەکەن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەو بەعسیانە شانازی بە ڕابردووی خۆیانەوە بکەن و شەرم لەو تاوانانە نەکەن کە ئەنجامیان داون، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك پشتگیری عەرەبە سوننەکان لە بەعسیەکان مەترسی دووبارە گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن بەعسییەکانەوە زیاد دەکات؟**

- دووبارە ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە. لە ڕاستیدا سوننەکان پشتگیری لە لایەنگەلێکی جیاواز و جۆراوجۆر دەکەن، مەبەستم ئەوەیە تەنها پشتیوانی لە بەعسییەکان ناکەن، وەك پێکهاتەیەکی گرنگە سوننەکان خوازیاری ئەوەن پێگە و نفوزێکی گرنگیان لە پرۆسە سیاسییەکە هەبێت، ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە من باوەڕم وایە هیچ دەرفەتێك بۆ گەڕانەوەی بەعسییەکان، یاخود گەڕانەوەی بەعسی سەددامی لە ئارادانییە، لەبەر ئەوەی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی وڵاتەکە بەرهەڵستی ئەم گەڕانەوەیە دەکەن، بۆ نموونە کوردستان بەرژەوەندییەکی گەورە و بەهێزی لە ڕێگرتن لە گەڕانەوەی بەعسییەکان هەیە، بە هەمان شێوە شیعەکانیش بە توندی دژی هەر هەوڵێك لەم چەشنە دەوەستنەوە.

*** زۆرێك لە چاودێران هۆکاری هەڵکشانی توندوتیژییەکان بۆ نزیکبوونەی وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەگەڕێننەوە، لەبەر ئەوەی لەم هەڵمەتەدا سوننە و شیعەکان ململانێ و ناکۆکییان لە نێواندا دروست دەبێت بەهۆی هەوڵی کۆکردنەوەی دەنگ و ڕاکێشانی دەنگدەران بەلای خۆیاندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر هەڵمەتی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی یەکتر بێت، ئایا هەڵبژاردنەکان چ بەرهەمێکیان دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت شیعە و سوننەکان بگەنە ڕێککەوتنێك هاوبەش و ئامادەی پێکەوەکارکردن بن بۆ ئەوەی عێراق سەقامگیری بەخۆوە ببینێت، هەروەها ئێمە دەزانین لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان سیاسییەکان هەوڵدەدەن پێگە و دەستڕۆیشتوی و کاریگەری سیاسی خۆیان بەرفراوان بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا من باوەڕم وایە هەندێ لە پارتە سیاسییە عەلمانییەکان هەوڵدەدەن پێگە و سەنگی خۆیان لە ناو شیعە و سونننەکانیشدا پەرە پێبدەن، ئەگەرچی لە هەمان کاتدا پارتە ئایینیەکانیش هەن، بە شێوەیەکی گشتی تێڕوانین و بیروبۆچوونی سیاسییەکانی عێراق ناجێگیرە، بۆ نموونە لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا هەڵوێست و لێدوانی جیاوازمان لە مالیکیەوە بیستووە لە چوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی، بەڵام ئەمە نابێتەهۆی ئەوە من ڕەشبین بکات، هەرچەندە ئەگەری ئەوەش دەکرێت هەڵبژاردنەکان ببنەهۆی گەورەکردنی کەلێنی نێوان شیعە سوننەکان، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین.

*** زۆرێك لە شیکەرەوە سیاسییەکان هۆکاری زیادبوونی توندوتیژی بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان دەگەڕێننەوە، بۆ نموونە سعودییە پشتگیری لە سوننەکان دەکات، ئێران لە شیعەکان، واتە ئەم وڵاتانە عێراقیان کردووە بە گۆڕەپانی شەڕی خۆیان، بۆچی ئەم دەوڵەتانە دەیانەوێت کێشەکانی خۆیان لەسەر حسابی عێراق یەکلابکەنەوە؟ لە لایەکی دیکەوە چەندین کێشەی چارەسەرنەکراو و هەڵپەسێردراو لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە، خوێندنەوە و تێڕوانینی ئێوە چییە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟**

- لە ڕاستیدا دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا مایەی قبوڵکردن نییە و زۆرێك لە عێراقییەکان بە جیاوازی خەلفیەتیانەوە ئەم کارە ڕەتدەکەنەوە، من پێم وایە دەستێوەردانی سعودیە و دەوڵەتە عەرەبییەکان بە گشتی لە عێراقدا کەمبۆتەوە، بەڵام ئێران چالاکە لەم ڕووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە ئەگەرچی عێراقییەکان خوازیاری دروستکردنی پەیوەندی دۆستانەبن لەگەڵ ئێراندا، بەڵام نایانەوێت پاشکۆی ئێران بن، کەواتە زۆرێك لە مەسەلەکە دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان خۆیان، بۆ ئەوەی کار بۆ ڕاگرتنی ئەم دەستێوەردانانە بکەن. ئەوەی پەیوەندی بە کێشەکانی نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێمەوە هەبێت، ئەوا من پێم وایە باشترین ڕێگاچارە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە پەنابردنە بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن و ئامرازی سیاسی و سازشکردن، چونکە کوردەکان درك بەو ڕاستییە دەکەن کە بەشێکی گرنگن لە عێراقدا، بە هەمان شێوە شیعە و سوننەکانیش وەك بەشێکی گرنگ لە هەرێمی کوردستان دەڕوانن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەلومەرجی هەرێمی کوردستان هەلومەرجێکی باشتر بووە هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی ئابوورییەوە، من هیوادارام لە داهاتوودا بارودۆخی عێراق و ناوچەکەش بوار بە بەردەوامبوونی بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی ئەم هەرێمە بدات، من ئومێدی ئایندەیەکی گەشەکردوو سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

**گۆڕانی بارودۆخی سەربازی ئەمەریکا لە عێراقدا بە مانای کۆتایی هاتنی پشتیوانی ئەمەریکا بۆ عێراق نییە، بەڵکو لە دوای ئەم گۆڕانەوە پەیوەندی باشتر و نوێتر لە نێوان عێراق و ئەمەریکا دروست دەبێت**

**ئەو کەسانەی سیاسەتێکی سەرکوتکار و زیانبەخشیان لە دژی عێراقییەکان پیادەکرد لە بەعسییەکان رووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکرێنەوە و نابێت بە هیچ شێوەیەک ببنە بەشێک لە پرۆسە سیاسییەکە، بەڵام نابێت لە هەمان کاتدا ئەم سزایە بەسەر ئەو کەسانەشدا جێبەجێ بکرێت کە ناچاربوونە ببنە بەعسی**